# هەڵەبجە و کۆسار، مەهاباد و گوڵەباخ
# لە وڵاتی چنار و هێمن



**برایم فەرشی(بارام)**

# بۆ مناڵانی نیشتمانەکەم

بە تایبەت مناڵانی ئامێد، جەزیر، بۆتان، دهۆک، هەولێر، سولەیمانی ، هەڵەبجە و عەنەب.



**ئەم کتێبە** نە رۆمانە و نە چیرۆکی زادەی خەیاڵ، رەنگدانەوەی راستەقینەی دیتنی چاو و بیستنی گوێیە. دەبوو هێژا دوکتور فیروز فەروخ، نووسەری ئەم کتێبە بایە، ئەو کە 16 سەعات فیلمی لە خەڵک و وڵات هەڵگرتبوو. بەڵام فیرۆز جێی سەوزە و من بوومەتە حەکایەتخوان. گەڵێک لەو کەسانەش کە لێرەدا ناویان دێ رەنگە نەمابن، یادیان گەرم و زیندوو بێ. ئەم کتێبە پاش تێپەڕبوونی 12 ساڵ بۆ یەکەمجار بەم شێوەیە بڵاو دەبێتەوە، وەختی خۆی بۆ چاپ ناردرایە کوردستان، بەڵام گووم و گۆڕ بوو.

برایم فەرشی (ب. موکریانی[1]) نەورۆزی 2706 کۆڵن - ئاڵمان

| | |
|---|---|
| ناو | هەڵەبجە و کۆسار، مەهاباد و گوڵەباخ لە وڵاتی چنار و هێمن! |
| نووسەر | برایم فەرشی |
| وێنەی سەربەرگ | سولەیمان فەرشی |
| وێنەگر | ب. فەرشی |
| ساڵ | (2006)2706 |


گەرانەوە بۆ پێرست

**پێرست**

1- وڵاتی من و هانس
2- دزانی شەو و پۆلیسی رۆژ
3- ئەزیش کرمانجم
4- کچە شیرازی
5- دیلمانجی تەرسە
6- هەستی ترکانە
7- توریستی ئیرانی و پۆلیسی ترک
8- پۆلیسی ترك و سێرای ماکۆ
9- قاوەخانە و حیزبی دیموکرات
10- یەك رەگەز و چەند چارەنووس
11- سەر وپێی بەیانی, پاسپۆرتی ئیرانی و کونسولی ئاڵمانی
12- ناوی کوردی و باوەی سوئیدی
13- بەسیجی و باڵەفرگەی دیاربەکر
14- دووشار و یەك وێنە
15- دەنگی شوان پەروەر و دەیان وێنەی وەستاو
16- وڵاتیکی بێ گوند
17- خوێندکارێکی کوردو تفەنگێکی ترکی
18- پردێکی تاوانبار و پێشوازیکی شارستانیانە
19- دیلمانجی عەرەبی نەزانی موکریانی
20- پاریزگای دهۆک
21- (30) سی سەر و دارشەقەی پێشمەرگەیەك
22- زەمبیل فرۆش لە نیوان گۆرکی و بتهۆوندا
23- سەکۆیکی رووت, شانۆیکی پۆشتە
24- کۆیلەی شاملو لە دهۆك
25-سمێڵ دار و بێ سمێڵ
26-نەچیروان بارزانی، لۆکە و سیاسەت
27- تەگەر لە نەورۆزی ئازادیدا
28-هوتیلداری دهۆکی و تاجری تەوریزی
29-باران و نەورۆز و پتەپتی ماشین
30- کەنگرو هانس
31- قورشیلان و هەڵپەرکی
32- کەنگرو ماستو و تەلەوزیونی کوردی
33- پارلەمان
34- وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان
35- رۆژنامەوانێکی قژتەلایی
36- زانستگای سەلاحەدین
37- رێگای دیاربەکر و بۆکان
38- پینج ئەسپی بێ سوار و خۆکوژێك
39- نەورۆزێکی بەرئاوەژوو
40- هەڵەبجە و کوردی بەرئاوەژوو
41- عومەرخاوەر و پەیکەرێکی بێ گیان
42- گۆڕستانیکی ئاوەدان و شارێکی وێران
43- عەنەب دەستە برای هەڵەبجە
44- هاواری مردووان
45- مەهاباد و گوڵەباخ
46- نێرگز و گۆرستانی بە کۆمەڵ
47- دیوانەتر لە وەلی دیوانە
48- KRO
49- رەوزەی سولەیمانی باخچەێکی پرلە گوڵ
50- خەونێك لە سەر شەقام
51- خەمی هونەر لە عیمارەتێکی هەژارانەدا
52- درامای ناو دراما
53- یەکە یەکەی هونەرمەندان لە یەکیەتی هونەرمەندان
54- زامێکی مێژوویی لە جەستەی ژنێکدا
55- کوتکی کاوە و چەکی پێشمەرگە
56- ژنراڵ بارزانی, دوکتورشوان و مەسعود بارزانی
57- هونەری ژێر خێوەتەکان
58- زانستگای بێ کتێب و وڵاتی پر لە رۆژنامە
59-وڵاتێکی رەنگاو رەنگ و وێنەیکی کەم رەنگ
60-کۆماری سەربەخۆی چاویلکە رەشان
61- ناڵەیەك لە وڵاتیکی پر لە هاواردا
62- شارێك و دوو دیدار
63-ژانی دوو تەمەن و ژانێکی مێژوویی
64- UN و مافی دوو مرۆڤ
65- دوا وێنە
66- جەندەکی ئاڵمانی و پ کا کاPKK
67- درۆی ئاڵمانی و شڵتاخی تورکی
68- نەخۆشخانەی کوردان
69- ئالبۆمی وێنەکان
00- حزبی دێموکراتی ک.ئێران و هەزاران وێنەی شەهید[2]

1

2

یەکەمجار پاییزی ساڵی1978 بەر لە تێکچوونی رژیمی پەهلەوی بە ترێن بەرە وئوروپا دەرۆیشتم. قەتاری تاران- مونیخ  پاش تێپەڕبوون بە ناو خاکی کوردستان و زێی وان، لەوڵاتی تورکیەوە تێدەپەڕی و پاش ئەستامبوڵ دەکەوتە سەر خەتی ئاسنی ئوروپا و لە دوای وڵاتەکانی بولغارستان و یۆگسلاوی و ئوتریش دەگەیشتە ئاڵمان. نیوە شەو لە کاتی خەوا، لە نێوان ئەسکی شار و ئانکارا, دز و رێگر رژانە ناو واگونی قەتاری ئێرانییەکان و تاڵان و بڕۆیان کرد. کاتێک بە پۆلیسی ناو قەتارمان راگەیاند، بەگژماندا هاتن. لە یەکێك لە شارەکانی ناو رێگا قەتار رایگرت. من و کەسێکی تریان هێنایە خوارەوە, تەحویلی پۆلیسیان داین. پۆلیس هەڕەشەیان لێکردین و گوتیان، یا رەوانەی  زیندانتان دەکەین, یاخۆتان بەرە و ئەستانبوڵ بڕۆن ولە بیر خۆتانی بەرنەوە. هەر چەند لە بەر هات و هاواری ئێمە خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، بەو حاڵە بە پاڵەپەستێو لە ناو قەتاریان هاویشتینەوە.

3

7 ساڵ پاش ئەو رۆژانە، دوای هاتنە سەر کاری کۆماری مەلاکان، پاییزی ساڵی1985 بە تەیارەی ئێرانی لە باڵەفڕگەی مهرئابادەوە بۆ ئاتاتورك فڕیم.  بە پێچەوانەی ساڵی1978کە ئێرانی روویان نەدەکردە ئەم وڵاتە, لە هەر شوێنێك دەنگ و ڕەنگی ئێرانی دیار بوو. ئەگەر پێمان وابێ، تورکەکان لە شاری ئەستانبوڵ توریستن, ئەوە گەڕەکی ئاکسارای دەبێتە مەیدانی تۆپخانە و لالەلیش دەبێتە شەقامی ناسرخسرەو لە تاران. دووکاندار و دەڵاڵ, پستەو تەقیلە وکەوش فرۆشی فارس زمان رێگای پیادەیان گرتووە. هوتێلەکان تەژی لە ئێرانین, شەڕی ترك و ئێرانیش بە شەو و رۆژ لە ئارادایە.
ئێوارە درانگان لە ئاکسارایەوە  بەرەو سەر هەڵدەکشام ، هەروا کە دەرۆیشتم  گوێم لەم قسانە بوو" خومەینی 500دۆلارەکەی لێ بڕیوین، ئێرانی ئێتر پارەیان نییە, دەبێ ئەم کاپشێنە بگۆڕیوە." فرۆشیار لەم فەلسەفەڕستنە نەدەگەیشت و ئازەری دیلمانجیش قسەی لای فرۆشیار بڕی نەدەکرد. ئاوا درێژەی کێشابا، شەڕی هەر دوولا حەتمی بوو. بە تورکی لە فرۆشیارم  پرسی تۆ لە ترك ناچی. بە کوردی وتی ئەز کرمانجم. منیش بە کوردی وڵامم داوە، ئەزیش کرمانجم. دەستی لە ناو دەستم نا. لێم پرسی ئەوانە چییان دەوێ؟ گوتی:" دۆشەو ئەو جلکەیان کڕیوە ئەمشەو بۆیان هاوردومەتەوە." لێی دەپرسم، دەکرێ رازیان کەی ؟ وتی بە خاتری کورد بوونی تۆ ئەم خێرەشم  نەویست. ئازەری دیلمانج و فارسی کڕیار پارەی خۆیان وەرگرتەوە و لە وتوووێژی جادوویی ئەو دوو کوردە ، کە زیاتر لە چوارسەد ساڵە لە یەک هەڵبڕاون، تێنەگەیشتن.

4

لە گەڵ کوڕوکچێکی شیرازی لە سەر داوای خۆیان هاو وەتاخ بووم, بووم بە دیلمانج و چاوساخیان. کچە هاتبوو براکەی بەرەو ئامریکا بەرێ بکا. کارمەند بوو, دەیگوت  هەرکەس لە تورکیا دەگەڕێتەوە, زانیاری هەڵە بە خەڵك دەدا. دەفتەرێکی پێ بوو  هەمووشتی تێدا دەنووسی, قیمەتی تاکسی, خەتی ناوشار, ناوی ئێزگەکان, دوری و نزیکی رێگا, خواردن, هوتێل , شوێنە کانی ئەستانبوڵ,  ئادرەسی کونسولگەری و هتد. خانم خەریکی حیسابات بوو، منیش چاوساخی بێ جیرە و مواجبیان بووم. بەرچایی پەنیری کوپە وکولێرەناسکەی بێ پارەی کوردستانم درخوراد دەدان. رۆژێکیان کچە فەرمووی: " تۆ دەزانی, من کچم؟! لەم دیوەدا ئازادنیم.  بۆخۆم و براکەم دیوێکم گرتووە."  مانای ئەم گفتە ئەوە بوو کە پارەی ژوورێکی سێ کەسی بکەوێتە ئەستۆی کاکی دیلمانج و چاوساخ. پاشان فەرمووی: "ئەڵبەت  بەرچایی هەر میوانی تۆ دەبین." لە گەڵ ئەفەندی هوتێل کەوتبووە مامڵە.  کابرا هەمووی بۆگێڕامەوە. کچە پاش چەند رۆژ براکەی  بە جێ هێشت و لە گەڵ خانم گەل و ئاغاگەلی ئێرانی بۆخۆی شارە و شار دەگەڕا.

5

رۆژێکیان بەرە و کونسولگەری  شورەوی کەوتمە رێ, پێشتر لە کونسولگەری ئامریکا و وڵاتانی تر چاوم بە زۆر ئێرانی کەوتبوو، کە هەرکام چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەبوو. لە گۆشەیەکی ژوورەکە لە پەنا ژن و پیاوێك دانیشتم, چاك وخۆشیان کرد, قەزاق بوون, بە ترکی و ئازەری تێکەڵ کەوتینە قسە. جنێویان بە ترکەکان دەدا, دەیانوت ئەوانە دز ودرۆزن و کەڵەك بازن.  نازانم  ترکان چیان بە سەر ئەم توریستانە هێنابوو؟ گفت و گۆی ئێرانییەکان و کابرای کارمەندی کونسولگەری سرنجی راکێشام. کابرایێکی لۆر قسەی دەکرد و یەکی ئازەریش بۆی وەردەگێڕاوە، "من پەناهەندەی سیاسیم, لە دەست ئێران رام کردوە. گەرەکمە بچم بۆ شورەوی." کابرای ئازەری وای هەڵدەگەڕاندەوە "بیستومە لە شورەوی ئینسان دەتوانێ بە خۆڕایی دەرس بخوێنێ, منیش گەرەکمە بچم لە شورەوی دەرس بخوێنم."  کاکی بەرپرس دەڵێ:  " ئێمە داخوازی ئێوە دەنێرین بۆ مۆسکۆ, وەڵامەکەی 6مانگ دەکێشێ." لاوی لۆر تورە بوو!  کابرای کونسول بۆخۆی هاتە دەر. برای لۆر روی تێکردو کوتی: "من ئەندامی حیزبی تودەی ئێرانم, هەموو ژیانم لە رێگای حیزب و دەوڵەتی شورەوی سوسیالیستی دا داناوە, چاوەڕوانیم  لە ئێوە ئەوەیە یارمەتیم بدەن, جمهوری ئیسلامی بڕیاری کوشتنی داوم, لێرەش ناتوانم  بمێنمەوە, نامەوێ بچم بۆ ئوروپا." دیلمانج دیسان وتی: " من جەوانم خەڵکی تەورێزم بیستومە لە شورەوی بە خۆڕایی دەخوێنن, من دەمەوێ بچم بۆ شورەوی." کابرای کونسول پێی سەیر بوو! کوڕی لۆر بە حاڵەتێکی ناراحەتی نزیك بە گریان و زۆر بە توڕەیی دەدووا وکابرای دیلمانج باسی خوێندنی بە خۆڕایی و


گەرانەوە بۆ پێرست

چوون بۆ شورەوی دەکرد. کونسول هەمان وەڵامی بەرپرسی پێشووی داوە. دیلمانج قسەکانی دوبارە کردەوە. برای لۆر وتی: "باشە ئەمن دەگەڕێمەوە بۆ ئیران خۆم تەحویلی جمهوری ئیسلامی دەدەمەوە, هەر بەڵایکی بە سەرم بێ ئێوە بەرپرسن." ئەەی کوت ولێی دا ڕۆیشت. بە شوێنی دا چووم و هەرام لێکرد. ڕاوەستا, وتم ئاگام لە وتووێژی ئەو لە گەڵ کابرای کونسول بووە. بۆم گێڕاوە کە کابرای دیلمانج چۆن قسەکانی ئەوی بە تەرسە هەڵگەڕاندۆتەوە. چاوەکانی لە ناو پیاڵەی پڕ لە فرمێسکدا دەسووڕان, سەری کەوتە لارەلار. لە بەرخۆیەوە شتهایەکی کوت، تێنەگەیشتم. هاج و واج ڕوانییە دەور و بەری خۆی ، لە ناکاو کەوتە ناو باوەشمەوە و لە پڕمەی گریانی دا, بە دەم گریانەوە وتی: "ئەوە چەند مانگە دێمە ئێرە وەڵامم نادە نەوە, ئەو کوڕە ئازەریەش دایم لە وێیە. مەنزوریان نییە چی بە سەر ئێمە دێ."
هەزاران هەزار کەسی سەرگەردان و بێ پەنا وەك ئەو کابرایە "توریست" و پەناهەندەی ئیرانین لە وڵاتی تورکیا. ترکەکان بە قینەوە چاویان لێدەکەن، زۆربەیان زمانی ترکی نازانن، ترکەکان گاڵتەیان پێدەکەن, قسەی ناشیرنیان پێ دەڵێن و کڵاویان لە سەر دەنین و شەڕیان پێدەفرۆشن.

6

ڕۆژی 14ی ئۆکتۆبری ساڵی 1985 تووشی کوڕە ترکێك هاتم. کەوتینە قسە, خوێندکار بوو, کە زانی کوردم کردیە هەرا وهوریا, بە حاڵەتێکی هیستریك وتی: " بۆ دەڵێی کوردم, کورد چییە!!؟ کورد هەر ترکە. ئێوە ئەبێ شانازی بە ترك بوونی خۆتان بکەن." پیلی ڕادەکیشام بمبا بۆ پۆلیس, چەند ئیرانی ئاگایان لەم قرم وقاڵە بوو, هاتن پیلیان کێشام و دوریان کردمەوە.

7

ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبری 1985 لە ساڵونی ترانزیت دانیشتبووم، سەیری خەڵکم دەکرد. مسافیرانی ئێرانی کە لە ئوروپا و ئامریکاوە بەرە و تاران دەگەڕانەوە لە جم وجۆڵ دابوون, چەند ژن وپیاو خیرا خیرا بیرە وشەرابیان بە بتری هەڵدەقوڕاند. گەرمی قسە و جەفەنگ بوون و پێیان وانەبوون لێرە کەسێك لە زمانیان بگا. کابرایەك کە تەمنی 50 ساڵ دەبوو، وتی: "هەتا دەگەمەوە تاران ئەمەوێ هیچم لێ حاڵی نەبێ. "
کە بەرە و سواربوونی تەیارە ڕیکەوتین, لە کۆنترۆل کابرای پۆلیس پرسی ئیرانی؟ وتم بەڵێ. وتی دەباشە برۆ بۆکسێکم سیگار لە فڕی شاپ بۆ بکڕە. وتم بە چاوان, پارەم بدەیە با بۆت بکڕم. سەیرێکی کردم و بە ناقایلی دەستی مەیلە وگیررفانی جوڵاوە و 50 دۆلاری رووی خۆی دەرخست. کە بۆم هێناوە فەرمووی: " چۆك تەشکورلار ئابی" عەرزم کرد "بیرشەی دۆیر ئابی."

8

پاییزی ساڵی 1989 لە ڕێگای بلگرادەوە بە ماشین گەیشتمە سنوری تورکیا. پۆلیس زیادە لە دەیان پاسپۆرتی لەێهستانی ویوگسلاو و چێك و هی تر, پاسپۆرتی ئێرانی من، بەرچاوی گرت. منی بە تەنیا هێنایە خوار. هەر وەکو چۆن هەموو جاریك لە سیڕای ماکو لە ماشێن دەیانهینامە خوار، تەنیا لە بەر ئەوەی لە دەفتەری ناسنامەکەمدا ناوی بۆکان هاتبوو. ئیستاش کابرای ترك لە منی پاسپۆرت ئێرانی دەپرسێ، بۆ هاتووی بۆ تورکیا؟ چ کارێکت لێرە هەیە ؟ لە وڵامدا وتم، توریستم, توریست. بێ ئەوەی ئیتر زمانی بسووڕی پاسپۆرتەکەی داوە دەستم. لە ڕاستیشدا پرسیارەکەی لە جێی خۆیدا بوو.
بوومەلیڵی بەیانی ئەو ڕۆژە بە دەنگی هەرا و قیژە وەخەبەرهاتم, کە لە پەنجەرەی هوتێلەوە سەیری خوارەوم کرد, بە فارسی و بەترکی جنیودەدرا.

9

لە قاوەخانەێك نزیك مزگەوتی ئاسوفیا دانیشتوین, قاوەچی سەیرمان دەکاو پێدەکەنێ. کوردن؟ ئەو دەپرسێ. هاوڕیکەم بەڵێ کوردین. کابرای قاوەچی دەڵێ، سەر سەران سەرچاوان, کوردی کیژان باژێرن؟ مە کوردی ئێرانین. کابرای قاوەچی دەپرسێ، حیزبی دیموکرات چ دەکا.؟

10

ساڵی 1978 لە قەتاری تاران / مونیخ، هاوسەفەری کۆمەڵێک لاوی ئیرانی بووم کە لە وڵاتی ئوتریش خوێندکار بوون، لە قسە و باسەکانیان وادەردەکەوت کە ئەندامی ڕێکخراوی چریکەکان بن و پێوەندیان لە گەڵ چریکەکانی فەلستینی و تورک و کورد لە تورکیە هەبێ. کە زانیان کوردم، باسی بارودۆخی کوردەکانی تورکیایان کرد کە بە ترکی کێوی دەناسرێن و هێنانی ناویان بە کورد قەدەغە کراوە. یەک لەوان لێم دەپرسێ, حەز دەکەی کوردێك ببینی؟ کوتم ئەرێ. چوو پاش ماوەیەك لە گەڵ کوڕیکی هاوتەمەنی خۆم هاتەوە، دوو کوڕی فارس و ترکێك لە داڵانی ناو ترێنەکە بۆ ئەوەی پۆلیسی ناو قەتار ئاگادار نەبن، کێشکیان دەکێشا. من و هاوڕەگەزەکەم بە زمانی کوردی لە یەك نەدەگەیشتین, پاش نیوساعەت یەکترمان لە باوەش گرت و لە یەک جیابووینەوە.

11

ئەمرۆش 18ی مارسی 1994ە و سێ رۆژی ماوە بۆ نەورۆزی 2694ی کوردی . چاوەڕوانی ساکەکانمان دەکەین, چەند پۆلیس و بەرگ ڕەش دەورەمان دەدەن, یەکیان بە بێسیم دەدوێ, ئەوی تر بەرەو رووی من دێ و داوای"پاسپۆرت"م لێدەکا. جەماعەتی ناو هۆڵەکە هەموو سەیری من دەکەن. هاورێکانم مات و بێدەنگ راوەستاون. لە گەڵ لەقاندنی سەری دەڵێ "ها ئیرانی!" چەند بەرگ ڕەشی تر دەورمان دەگرن. دووانی تر کە هێندیك لە گەڵ ئەوان تەوفیریان هەیە بەپێکەنینەوە بەرەو رووومان دێن. دەست لە ناو دەستمان دەنین. بە کوردی دەپرسن "ها چەوانن, باشن؟" لە باڵەفڕگە دێینە دەر. پۆلیسێك دەڵێ: " دەستور ئەوەیە بینە دوو دەستە. ئەم شەو هەرکام لە شوێنێك بمینەوە بۆ ئەمنییەتی خۆتان باشترە!" هەموو سەیری یەکتر دەکەین ؟! بڕیارماندا لە یەك جیا نەبینەوە. سواری چەند ماشینی شەخسیان کردین. لە باکوری شاری ئەستانبوڵ لە بەرچەند ماڵی تازە سازکراوی شێوە میعماری ئورووپا دایانبەزاندین. پۆلیس هاتن دەستیان لە گەڵ لێداینەوە و داوای شەوێکی خۆشیان بۆکردین و رۆیشتن. هەمووی ئەو رووداو وەک فیلمی پۆلیسی دەهاتە بەرچاو. پاشان یەك لە ژنەکانی هاوسەفەرمان کوتی, لە ئاڵمانەوە تەلەفونیان لە کونسولگەری ئاڵمان لە ئەستانبوڵ کردوە, ئەوانیش پۆلیس و میتی تورکیایان ئاگادارکردۆتەوە, کە ئاگایان لێمان بێ. تۆ بڵێی ئەگەر وانەبایە هەمان پۆلیس و میت چ مامەڵەیەکیان لە گەڵدا دەکردین؟ ئەو شەوە لە گەڵ ساحیوماڵ و چەند میوانی تر لە وانە ژنیکی ئاڵمانی کە میردەکەی کورد بوو, کەوتینە باس و قسە. چەند لەو کوردانە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵات و باشوری کوردستان گەڕابوون. کوردیکی فرە خۆش و پاراو قسەیان دەکرد. باکوریەکانی هاوڕیمان کە لە ئاڵمان زمانیان بۆ کوردی گوتن نەدەسووڕا, کوردی قسە دەکەن, ئاڵمانییەکانیش جارجار وشەی کوردی دەکرۆژن. بەرە بەیان سەرووپێ مری کردین, کە ورگ قورس بوو، مل بەلادا هات و هەر کام لە شوێنی خۆی خەوی لێکەوت.

12

تەیارەی دیاربەکر پڕە لە رۆژنامەوان, ئەندامی پارلەمان و ئەندامی رێکخراوی مافی مرۆڤی وڵاتانی ئورووپی کە بۆ چاوەدیریکردنی هەڵبژاردنی شارەکانی باکوری کوردستان و جیژنی نەورۆز خۆیان گەیاندۆتە ترکیا. لە تەنیشت ئێمەوە ژنێك لە گەڵ منداڵەکانی بە زمانی سوئیدی قسەی دەکرد, ناوی منداڵەکان کوردین و منداڵ کوردی نازانن. دایکیان دەڵێ خەڵکی سولەیمانییە و میردەکەی سوئیدیە.

13

دوری رێگای ئەستانبوڵ دیاربەکر, فڕۆکەخانەی چۆڵ و هۆڵ و دەور بەسیمی دڕکدار تەندراو و قەرەقوڵی تفەنگ بە دەست, دەیسەلمێنن کە ئێرە وڵاتێکی ترە کە داگیر کراوە. لە دوورەوە ئوتوبوسیکی شڕی شاسی لار وەک ئەوەی لە شەڕ گەڕابێتەوە بەرە و مسافیرەکان دەهات. قەرەقۆڵ خەڵکیان بە خەت کردن, درێژ و کۆتا لەڕ و گیپن, پیر وجوان, ژن و منداڵ. لەوە دەچوو کە ئەو خەڵکە بەسیجی کۆماری ئیسلامی بن و بەرە و دۆخەکانی شەڕیان ڕەوانە کەن. ئوتوبوس تەپوتۆزێکی ساز کرد و لە چاوان ون بوو. پاش بەینێك گەڕاوە و دەستەی دوو هەمی لە باوگێژەڵوکە رزگار کرد.
ساك و شت وەك هەمووی بە سەر یەکدا کەوتوون, کابرایك بە دەنگێکی بەرز ناوی سەر ساکەکان دەخوینیتەوە, وەک ئەوەی ئێمە عەلاف بین و ئەویش قەپانداری مەیدانی گەنمی حەمەدەمین ئاغا و قاسم ئاغای بۆکان. ئیرە کە زۆرتر لە بیابان دەچێ، فرۆکە خانەی ناونەتەوەیی دیاربەکری تورکیایە.

14

بە شوێن تەلەفوندا دەگەڕێم لە دوکانێك کەسێك بە دیار چەند دەزگای تەلەفونەوە لە پشت مێزێکی بەرز راوەستاوە, وەژوور دەکەوم، هێشتا زارم هەڵنە پچریوە، کابرا بە زمانی کوردی بەخێرهاتنم دەکا، دەزگای تەلەفونەکە بۆلای من دەخزینی و دەڵێ فەرموو برایە من. تەزویك بە گیانمدا دێ، چەند دەمێك مات دەمێنم, وێنەی شارێکی تر لە وڵاتێکی تر لە مێشکمدا زیندوو دەبێتەوە. بەرە بەیانی رۆژێکی 1975ە و تازە لە بۆکانەوە گەیشتومەتە گاراژی کرماشان, دەمەوێ تەلەفون بۆ هاورێکەم بکەم. بەرپرسی دەفتەری تی بی تی دەزگای تەلەفونەکە دەخزێنێ بۆلای دەستم و دەڵی فەرموو براگەم.
دوو شارو یەك وێنە, دوو برا و یەك گوتن. براکەم لە شاری دیاربەکر وەك من عەبەسراوە, ئەو سەیری من دەکا و من سەیری ئەو, من دەزانم لە مێشکمدا چ باسە، بەڵام نازانم ئەو بیر لە چی دەکاتەوە. هەرکمان بێ دەنگ دەمێنینەوە. ژمارەی ماڵی خۆمان دەگرم و دەڵیم لە دیاربەکرم، ئەوانیش لە نامۆیی و دورە وڵاتی بەم هەواڵە شاد دبن. کوردی گوتنەکەم وەک ساڵی 1978بۆ ئەو ئازیزەی بەرانبەرم نامۆ نییە, پارەم لێوەرناگرێ و دەست لە ناو دەستم دەنێ و چاو لە چاوەکانم دەبڕێ و پاشان دەستی بۆ چاوەکانی دەبا, نە قسەیك نە گووتنیك. ئەو وێنەیە مێژووی من و ئەو دەگێڕێتەوە.

15

لە دەروازەی شاری دیاربەکرەوە دەمراستی و دیلمانجی وەفدەکە دەکەوێتە ئەستۆی من. حاجی خاوەن ماشێن هات و دەستی لە ملم کردو ئەم لاو ئەو لای ماچ کردم و وتی تەلەفونیان بۆ کردوم کە ئێوە ڕەوانەی سنور

بکەم, خۆم و ماشێنەکەم ئامادەی خزمەتین. یەك لە هاوقەتارە کوردەکان بە ئاڵمانی کوتی لە سەر کرێ قسەی لە گەڵدا بکە. حاجی وتی نیوەی خەڵکتان لێدەستینم. دۆلاری وەرگرت و ئەم لاو ئەو لای ماچ کردمەوە.
شوفیر برازای حاجی بوو. ماشێنی هەڵکرد و دەنگی زەبتەکەی بەرز کردەوە, شوان پەرەوەری قاچاخکراو لە وڵاتەکەی لە ناو شاری دیابەکر بوو بە هاوسەفەرمان. شەقامەکان, دووکانەکان, خەڵکەکە لە بەر چاومان رادەکەن. سیگار فرۆش, دەستگێڕ و دەسبیح لە دەست و بێکار, وێنەیکی کۆنی ناو میشکم تازە دەکەنەوە. وێنەیەك کە هەر لە منداڵییەوە چاویان ئازار داوم. دەنگی شوان و سەدان وێنەی بەرچاوم دەمخەنە ناو گێژاوی بیرو خەیاڵ. دوێنێم رۆیشتووە و ئیستا لە بەرچاومە, وەك ئەوەی زەمان ڕاوەستابێ و من نەمزانیبێ, دیاربەکر بە هەموو جۆریك من دوبارە دەکاتەوە.

16

جادەێکی سەربازی, وڵاتیکی چۆڵ پڕ لە تانك و ماشێنی ئەرتەشی و قەرەقۆڵ، وێنەی وڵاتی ئێمەیە، نە گوندیك دیارە نە گوندییەك. بەهارە بەڵام نە گاڕان و مێگەلێك بە دەرەوەیە، نە هەراو هورایای ڕمبازینی مناڵان دێنە گوێ و نە خاس خاس رۆیشتنی کیژیك بۆ چنینی شنگ و ئەسپنگ و گیلاخە و گەزیزە و نێرگز بەرچاو دەکەوێ. لێرە هەمووشت یا لە خەودایە یا مردووە. قۆڵی تفەنگ و بەژنی تانك و روخساری قەرە قوڵ سروشتی خەساندووە. جێی مۆڵگەی بەرگ ڕەشەکان(پادگان) دەستکردی ئوروپایە بە تایبەت وڵاتی ئاڵمان, لێرە ئەوان پڕ بە گیرفانیان پارە وەر دەگرن.
لە دیاربەکرەوە بۆ جەزیر دەیان جار ڕایانگرتین, دایانبەزاندین و شتومەکیان پشکنی. لە جەزیر تەنیا ئیزنمان هەبوو لە هوتیل توریست ماشێن راگرین. دەستەیەك رۆژنامەوانی کاناڵی یەکی تلەوزیونی ئاڵمان ARD لێرە دەستبەسەر بوون, گەرەکیان بووە بەرە و باشور برۆن. چاوەڕوانن لە سەرەوە سیاسەتبازان ئیزنیان بۆ وەرگرن. ئەو چوار رۆژنامەوانە تەنیا میوانی هۆتیل بوون، پازدە خزمەتکار بە دەوریا ندا دەهاتن, خاوەن هوتیل لە وڵامی پرسیارێکی مندا کە ئێرە بۆ وا چۆڵە، دەڵێ: " پیشتر ئیرە دایم پڕ بوو لە میوان، ئێمە بە 15 کەس فریا نەدەکەوتین، ئێستا هەموو شت وەستاوە"

17

لە دەرەوەی هوتیل چەند منداڵی 7و8 ساڵان سیگار دەفرۆشن و کەوش بۆیاخ دەکەن . چەند وێنە دەگرم ژنێکی هاوکاریشم دەگاتە لای من . ویستم چەند وێنەی شار بگرم, ماشێنیکی سپی لە بەر پێم رایگرت. چەند چەك بە دەست دابەزین, یەك لەوان هاتە پێش بە ئینگلیسی پرسیاری کرد. ژۆرنالیستن؟ نا, توریستین. لە کویوە هاتون؟ لە ئاڵمانەوە. منداڵەکان لێمان نزیك بوونەوە, لە یەکیانم پرسی تۆکوردی فام دەکەی؟ منداڵ چاوێکی لە کابرای چەك بە دەست کرد. چەك بە دەست لە منی پرسی, تۆ کوردی دەزانی؟ وتم بەڵێ. تورکیش دەزانی؟ بەڵی.وتی, منیش کوردم. بە کوردی لێم پرسی , تۆ پۆلیسی؟ وتی, من لە زانستگای دیاربەکر خوێندکارم. لێی دەپرسم، ئەی لێرە بەو چەکەوە چی دەکەی؟ وتی ئەوە بۆ بەرگری لە خاك و نیشتمانە, من کەخوێندکارم دەبێ ئەو کارەش بکەم. دەستی کردەوە بە ئینگلیسی وتن. " زوو برۆن هەتا شەو دانەهاتووە." خۆیان وەپێشمان کەوتن تا دەرەوی شار.
بەرگ ڕەشێك پاسپۆرتەکەی منی بە دەستەوە گرتبوو سەرەو بن و ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکرد و سەرەندەری لێنەدەکرد, کە زانی ئازەری و ترکی قسە دەکەم, پاسپۆرتەکەی دامەوە و کوتی تۆ لە خۆمانی ترکی. ئەمە بوو بە سوژە بۆ گاڵتەی هاوسەفەرانم.
ئێوارە درانگان دەگەینە سەرسنور. کۆنترۆڵی پاس و پرسیارکردن. بۆ ئەچنە کوردستان, چکارەن؟ هەر دەهاتن و دەچوون سەرگیژەیان گرتبوو, چەند جۆر پاسپۆرت هەمووشی لە ئاڵمانەوە. هەتا گەیشتینە برایم خەلیل، هەر هەزار متر جارێک رایانگرتووین, دایانبەزاندوین , ماشین گەڕاون, شتیان پشکنیوە وسین جیمیان کردوین.

18

ئیستا بە سەر پردیکدا دەڕۆین کە گرانترین وپڕ پیت و بەرەکەترین پردی هەموو مێژووی کوردستانە و ناوی برایم خەلیلە, ئێمە نازانین دوا رۆژ چ دەورێك دەگێڕێ. ئەوبەری پردەکەش هەر کوردستانە. لە دیوێك وەك میوان ناومان دەخەنە ناو دەفتەرێکەوە. یەك لەو میوانانە کڕنۆش بۆ خاك دەبا و ماچی دەکاو دەڵێ:" دوای 13ساڵ دێمەوە کوردستان." دووانەکەی دی ڕادەکەن و خۆیان دەگەێنە وێنەی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی و وێنەی لە گەڵدا دەگرن.
وەزارەتی مرۆڤانی و گەشت و گوزار و یەکیەتی ماموستایان ئەو لایەنانەن کە پێوەندیان بە کار و سەفەرەکەی ئێمەوە هەیە. کاک سامی وەك نوێنەری وەزارەتخانە و چەند ماموستای زانستگا و مەدرەسەکان لە لایەن یەکیەتی ماموستایان و نزیکەی چل ماموستای دهۆك و زاخۆ ئەو کەسانە بوون کە لە برایم خەلیل لە گەڵیان ئاشنا بووین. بۆ ئێمە ناخۆش بوو کاتیك ئاگادارکراین کە ئەو بەریزانە چەند ساعەت لە بەر سورە تاو چاوەڕوانیان کێشاوە, پێشتر ئێمە ئاگاداری ئەم بەرنامە نەکرابووین. پێشوازیکی دۆستانە و شارستانیانەیان لێکردین کە ئاڵمانییەکان چاوەڕوانیان نەدەکرد. کاروانی ماشێن بەرەو دهۆك وەڕی کەوت. یەکەم دیدار و

چاوپێكەوتن لە تەك یەكیەتی ماموستایانی دهۆك و قسە كردن لە تەك نوێنەری بەڕیوەبەری گشتی یەكیەتی ماموستایانی كوردستان بوو.

19

ئێوارە ڕەوانەی هۆتیل كراین. شەو پاریزگاری دهۆك هاتە هۆتیل و قسە وباسیكی زۆر لە سەر بارودۆخی كوردستا ن و كاروباری ناوخۆ, و گیروگرفتەكان كرا, هەروەها باسی وەزعیەتی ژیانی خەڵك. كاك عەبدولعەزیز بە دڵێكی فەراوانەوە وەڵامی پرسیارەكانی وەفدەكەی دەداوە، ئەو بە كوردی دەدوا و ئەمیش هەڵمەدەگەڕاندەوە بۆ ئاڵمانی, گیر و گرفتێك نەبوو, دەرفەتی وشە عەرەبیەكانیش دەهاتم كەپێشتر لە ڕێگای زمانی فارسییەوە فێری ببووم, هەتا ئەوەی كاك عەبدولعەزیز ڕستەیكی وتوو ماتڵ مایەوە كە من ئاڵمانییەكەی پێشكەش كەم, ئاڵمانییە كانیش چاویان لە دەمی مەبارەكی دیلمانج بڕیبوو. من كە هیچ لەڕستەكە تینەگە یشتبووم داوام لە كاك عەبدولعەزیز كرد، ئەگەر دەكرێ بە كوردی ڕستەكە بڵێتەوە. هەموو پێكەنین و كاك عەبدولعەزیز وتی:" ئەمەش وێنەێكە لە سیاسەتی تواندنەوە (ژنۆساید)ی سەدام دەرحەق بە ئێمە, ئێمە هەموو شتمان بە عارەبی بووە."

20

ڕۆژی دوایی وەفدەكە سەردانی كاك عەبدولعەزیزیان كرد لە پارێزگای دهۆك. پاش وتوویژ و باسی بەرنامەی وەفدەكە كاك عەبدولعەزیز وەك دیاری, دەستكرد كوردی و بەرهەمی كاری دەستی خەڵكی كوردستانی وەك, پەستەك و دەسرە و كاری هونەری دەستكەردی ژنانی، پێشكەشی میوانان كرد.

21

پەیما نگای "هونەرە جوانەكان" یان پەیمانگای "هونەرەكانی جوان" ناوەندێك بوو بۆ فێركردنی هونەرەكانی وەك شانۆ, موسیقا, پەیكەرسازی, نەققاشی. ئەو كەسانەی 9 ساڵ خوێندنی مەدرەسەیان تەواو كردبێ لێرە وەردەگیرێن و دوای تەواو بوون، دیپلۆمی پەیمانگایان پێدەبەخشرێ و وەك فێركاری هونەر لە فێرگەكان دادەمەزرین یا خۆ خەریكی كاری هونەری دەبن. بەرپرسی پەیمانگا كە خۆی نەققاشێكی دەست ڕەنگین و بەناوبانگە دەڵێ: "بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانگایە ئەركێكی گەورەیە" لە كەلاسی نەققاشی كە زۆربەیان كچ بوون, پێشمەرگەێكی باڵا بەرزی جوانچاكی لە لاق كەوتوو مودیل بوو, زیاتر لە سی سەر بە هەڤرا دەجولانەوە, دەسووڕان و كامێرای چاویان لە سەر دارشەقە و پێشمەرگەكە زووم دەكرد, هیندەی پێ نەچوو سی پێشمەرگە زیندوو زیندوو چاویان دەبڕیە خاوەن قەڵەمەكان. لە كەلاسی گراویر دەتكوت نان بە تەندورەوە دەنین, كاغەز دەچووە نێوان دوو بەردی ساف و ڕێكەوە, دوو بەرد لێك دەدران و تەرحەكان لە ڕێگای جەوهەرەوە دەكەوتنە سەر كاغەز, بە سیستمیكی سادە و ساكار كارێكی جوان دەكرا.

22

كەلاسی موسیقا جۆشی خستە دەرونمان . زیاتر لە سی كچ و كوڕ خەریكی فێربوونی موسیقا بوون, لەم كەلاسە وێنەیكی گەورەی بتهۆون دیواری رازاندبۆوە. بتهۆون هونەرمەندێكی مەزنە بەڵام بۆ وێنەی موسیقارێكی خۆمان دیواری نەڕازاندۆتەوە؟ ژیان دوبارە دەبێتەوە ساڵی 1978 كۆبوونەوەی ماموستایانی شاری بۆكان لە هۆڵی دەبیرستانی كەماڵ بوو, هێشتا ڕژیمی شا نەروخابوو, باسی هەموو شت دەكرا, ماموستای ئەدەبیاتی فارسی عومەر شەفیعی هاتە سەر سەكۆی شانۆ و دەستی بۆ دیواری بەرانبەری ڕاداشت، ئەو شوێنەی وێنەێكی گەورەی ماكسیم گۆركی هەڵواسرا بوو, ئەمە تەنیا وێنەی ناو هۆڵەكە بوو، وەك ئەو وێنەیەی بتهۆن لێرە لە دهۆک. ماموستا وتی: "بۆ لەو وڵاتەدا قحت و الرجالە, كە عەكسی ئەم سمیڵ زلەتان هەڵواسیوە؟" هەر ئەوەندەی وتو هاتە خوار, دوای ئەو چەند كەس هاتنە سەر سەكۆ و باسی گەورەیی و خەڵك خۆشەویستی گۆركیان كرد, یەك لە وانە ئەم قەڵەم بەدەستەی حازری بوو كە فەرموی: "گۆركی هەموو وڵاتی خۆی بە پێیان گەڕاوە، هەتا توانیویە ببیتە نووسەر." ئەوەی ماموستا عومەر مەبەستی بوو, ئەوە نەبوو كە ئەم كابرایە خاسە یا خراوە, بە پێیان گەڕاوە یان نەگەڕاوە، قسەی ئەو تەنیا ئەوە بوو كە بۆ ئاوڕ لە خۆمان نادینەوە, بۆ شتی خۆمان لای خۆمان بێ نرخە؟

ژنیكی هاوڕیمان وتی دەتوانن موسیقایكی كۆن بژەنن؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەستەی موسیقای زەمبیل فرۆش هەستیكی بەرزی خستە دڵی ئاڵمانییەكانەوە, بەتایبەت ئەو كاتەی كە زانیان چیرۆكەكەی باس لە چی دەكا. یەكیان وتی: "نەمدەزانی هەستێكی وا بەرز و هونەر و فەرهەنگێكی وا قووڵ لێرە هەیە."

23

هۆلیكی رووت و ڕەق و تەق و چەند كورسی تەختە ودار, نە چرایەك هەڵبوو و نە چرایەك كوژایەوە, نە پەردەیەك كرایەوە, نە پەردەیەك دادرایەوە. لێ بەلێ ڕوخساری شانۆ خۆی دەرخستە هۆڵێ. دە دوازدە كوڕ و كچ بە جولە و ئاهەنگ و گۆرانی و هەڵپەركێی كوردی مزگینی كارێكی كوردیان ئەدا, كارێك كە مۆركی كوردی پێوە دیاربێ. فۆرمێكی جوان, كایەكردنیكی ڕازاوە, هەستێكی بەرز, سەرمای هۆڵەكەی لە لەش دەركرد و گەرمای پێبەخشین. پەیمانگای هونەرە جوانەكانی دهۆك خۆشەویستی لە دڵماندا و بیرو هزری لە مێشكماندا

پێك هێنا و چاوانی پڕ لە فرمێسك کردین. ماموستاو شاگرد ڕواڵەتێکی بەرزیان لا نەخشاندین. بە گفتی ئاڵمانییەکان دیتنی ئەم شتانە چاوەڕوان نەکرابوو.

24

لە یانەی فێرکردنی ماموستایان سەدان کچ ئامادە دەکرێ بۆ دەرس کوتنەوە لە قوتابخانەکان. لە کەلاسی دەرسی ئەدەبیات لە سەر تەختە ڕەشەکە نووسرابوو "من ئەو کۆیلەیەم, کە ژیانی ئەمرۆم ئەفرۆشم بۆ نانی سبەینێ" لە بن شێعرەکە ناوی ئەحمەدی شاملو وەک گەورە شاعیری کوردی ئێران نووسراوە[3]. لە وڵاتی من ئەدەبیاتی وڵاتێك بە دەرس دەگوترێتەوە کە ئەدەبیاتی وڵاتەکەی من لە لایان نامۆیە، بە تایبەت لە لای نووسەرانیان، تەنانەت لای شاملوی گەورە شاعیری فارس، کە حەولی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبیل بۆ خۆی ئەدا.
لە کەلاسی زمانی ئینگلیسی هەر بەم زمانە قسە دەکرێ, پرسیار دەکرێ کە چۆنە هەر بە ئینگلیسی دەدوێن؟ وەڵام دەدەنەوە لێرە تەنیا قوتابی کوردمان نییە بەڵکو عارەب وئاشوری و ئەرمەنیشمان هەیە کە لە بە غداو شوێنی ترەوە هاتوون.

25

ئێوارەی ئەم ڕۆژە بەرەو ناوەندی یەکیەتی ماموستایان چووین, لێرە جگە لە کاك عەبدولعەزیز, چەند پرۆفیسوری زانستگای دهۆک و زۆر ماموستای تر بەشدار بوون, ئەوە یەکەمجار و ئاخر جارە کە لەکۆبوونەوەکاندا ژن دەبینین. ئەوشوێنانەی کە ئێمە چووین بەرپرس و قسەکەر و دەمڕاست پیاوی سمێڵ دارو بی سمێڵ بوون. تەنانەت لە دیدار لە گەڵ بەرێوەبەرایەتی یەکیەتی ماموستایان لە هەولێر ئەمە بوو بە پرسیاری ژنە ئاڵمانییەکان کە بۆ ژنان بەشدار نین؟

26

کاك سامی ئەم ئێوارەیە بۆ دیتنی کاك نەچیروان بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەك گرتووی بردین. لە باخێکی پڕدار ودرەخت، هۆتێلی تایبەتی دهۆک هەڵکەوتووە. لە دیدار لەگەڵ کاك نەچیروان باسی باری سیاسی و ئابوری کوردستان و باسی پیلانگیرانی دوژمنان کرا. ئەو وتی: " هیچکام لە وڵاتانی دەوروبەر وەك ئێرانییەکان کەڵەك باز نین, ئەوان بە لۆکە سەر دەبڕن[4]." ئە و وتی: "تورك و عەرەب ڕاستەوخۆ دوژمنایەتی کورد ئەکەن, بەڵام ئێرانییەکان بە ناوی دۆست و نزیك مەبەستەکەیان دەبەنە پێش." کاك نەچیروان لە بەرانبەر پرسیاری پڕ لە نیگەرانی ئێمەدا، ئێمەی ئەرخاین کرد کە تەبایی و هاوکاری لە نێوان هێزەکانی ناوکوردستان زۆر باشە و لە پتەوبووندایە و هیچ گیرو گرفتێك نییە.

27

هەوا تاریك ببوو کە کاك نەچیروانمان بە جێ هێشت، لە سەر شاخەکان گڕی ئاور بڵێسەی دەستاند, لە سەر ڕێگامان منداڵ تەگەرە ماشینیان وەپیش خۆ دابوو , کۆپە کۆپە ئاور لە کۆلان و سەربانی ماڵان دەبیندرا, دهۆك کەوتە ژێر ئاوری نەورۆزی 2694 ەوە. ئەمە بۆ ئێمە یەکەم ئاگری ئازادی و نەورۆز بوو.

28

حاجی ساحیو هوتێل سوڕتحیسابی لە بەر دەست دانایین. لە ئالمان گرانتری حیساو کردبوو. بە چاو پێخشاندنێکی سەرسەری، دەرکەوت کە پتر لە 7000دیناری زیاد نووسیوە. حاجی داوای لێبوردنی کرد بەڵام دیسان هەر زیادی لیساندین. خوای لێ ڕازی بێ تەماتە و برینجی دابوینێ و پارەی هوتێل "ماریتیمی کۆلنی" بۆ حیساب کردبووین. مام حاجی بە کوردی قسەی دەکرد بەڵام ئەم کارەی وەك تاجر و کاسبی غەریب گەزی تەوریزی دەچوو, هەرچەند ئێمە غەریبیش نەبووین. دەرنەکەوت کە مام حاجی کەی شانی وەشانی تاجری تەوریزی کەوتووە؟
زیادی وەرگرتنی مام حاجی لای ئێمە بە نەورۆزانە قەبڵێندرا, ئاخە ئەم بەرەبەیانە یەکەم ڕۆژی نەوروز بوو.

29

باران بەرەو هەولێر خۆی لە گەڵ ڕێکخستین, ماشینیش پەیتا پەیتا خەرا دەبوو، ئەمەش پەیامی ساڵێکی خۆشی نەئەدا. لە نێو جادە لە قەراخ گوندێك ماینەوە, منداڵ دەورەیان داین, بە زمانیك لە گەڵ یەك ئەدوان بۆ ئێمە نەبیستراو بوو. بە زمانی کوردی لە منداڵەکانم پرسی بە چ زمانیك قسە دەکەن؟ یەکیان وڕامی دامەوە ئاسوری. لە گەڵیان بەرە و ماڵەکانیان چووین, خەڵك لێمان کۆوە بوون. گوندێکی خۆش, یەك لە گوندییەکان کوتی ئەم گوندە خۆمان ئاوەدانمان کردۆتەوە. داوای کرد برۆینە ماڵەکەی. کە سەرم بە ژوورەکە داکرد لاێکی دیو تا بن میچ بە تایە هەڵچندرابوو. کاکە ئەوانە چییە؟ وتی برینجە. بۆ ئێوە لێرە برینجیش ڕەعەمەل دینن؟ ئێرە گەنم و برینج و شتی تریش ڕەعەمەل دێت. هەروا کە قسەمان دەکرد وتی ئەوەش دایکمە. ناو ژوورەکە هێندە تاریك بوو جگە لە تایە برینجەکان کە ڕەنگیان سپی بوو، شتێکی تر نەدەبیندرا. پیریژنی جل و بەرگ ڕەش وا خۆی گرمۆلە کردبۆوە, بەرچاو نەدەکەوت هەردووك چۆکی لە باوەش گرتبوو.کوڕەکەی کە تەمەنی لە 40 تیپەری بوو و6 منداڵی هەبوو، وتی: "چاوی نابینێ, هەردووك چاوی کوێر بووە."

لە زۆر شوێنی کوردستان لە تەمەنی وادا ژنان بینای چاویان لە دەست دە دەن, بۆ؟ کابراش نەیدەزانی بۆ چاوی دایکی کوێر بووە.

30

سروشتی وڵات لە بەهار و نەورۆزدا, بۆ مرۆڤێك کە ساڵەها دور لە خۆرەتاو و لە نامۆییدا ژییاوە, دەبێ چ مانایکی هەبێ؟ لە وانە جوانتر و رازاوەتر منالّی باوەش پڕ لە چەپکە نێرگزە کە رێگات لیدەگرن ولە پای پوڵێکی ڕەش بە ناوی دینار باوەشت لە گوڵ دەگرن، لەوەش شیرینتر دەم و چاوی کچۆڵانە کە پەرژینی پڕ لە کەنگر و شنگ و ئەسپنگان دەوریان داوە وبەهار دەهێننە سەر جادە. هانس لە پرێکا بە کوردی هاوار دەکا "کەنگر, کە نگر." پرسیم تۆ چوزانی کەنگر چییە؟ وتی: "تۆ نازانی زۆر خۆشە." ئەو شوفیری هان دا کە رایگرێ. باوەشی خۆی و هەوالانی پڕ لە کەنگر دەکا, منالّ ڕادەکەن کە چارەکە کەنگری دی بینن, بەڵام لە ناو ئێمەدا باوەشی بێ کەنگر نەماوە. باشە هانس تۆ کەنگری کاڵ و کرچ چ لێ دەکەی؟ لێم پرسی، دەڵێ: "دەیخۆین, دەیخۆین , زۆر زۆر بە تامە." پێشمەرگەکان وتیان خەم نییە بۆ خۆمان بۆت ساز ئەکەین.هانس بە کوردی ئێژێ، سپاس سپاس.

31

گەیشتوینەتە سەلاحەدین, هەرچەند باران دەبارێ و هەموو وڵات قوڕوچڵپاوە، بەڵام خەڵك هاتونەتە دەرێ و هەڵدەپەڕن. لە راستیدا قوڕ دەشێلن. ئێمەش تێکەڵ شادی ئەوان دەبین. دەنگی رادیوی کوردی ئەمریکا دێتە گوێ, هۆمەردزەیی وکچەکەی بە دوو قۆڵی گۆرانی دەڵێن. لە هەر لایکەوە دەنگی موسیقا دێت. ژن و منداڵ و گەورە و بچوك لەماشێنی وانیتبار و باریدا خۆیان جێکردۆتەوە و لە جێدا هەڵدەپەڕن, ڕەنگە ئەو ماشینانە نەوروزی ساڵی 1990و 1988 هەڵگری خەڵک بەرە و سنورەکان بووبێتن بۆ ئەوە لە مەرگ رزگاریان بێ . نەورۆزی ئەمساڵ لە ئاسمانەوە ژار و نان و بۆمب نابارێ، باران دەبارێ، دڵۆپ دڵۆپ باران دەبارێ. باسکردن لە بەهاری سەربەستی, هەوای ئازادی نە لە نووسین دێ نە لە گووتن, خۆ تێکەڵاوکردن لە گەڵ ئەم خەڵکە و چێژتنی ئەم شادیە و هەڵمژینی ئەم هەوایە، تەنیا نیازی ئێمە نییە، بەڵکو هیوای هەموومانە.

32

ئێوارە درانگان گەیشتینە ئەو ماڵەی کە بۆمان دیاری کرابوو. هانس بە کەنگرو ماستی خۆی گەیشت و دوکتور فیروزیش بە تلەوزیونی کوردی. ئەولە گەڵ کاك حامید دەکەوێتە وتوویژ. کاك حامید دەبێژێ: "هەموو حیزبەکان ڕادیو و تەلەوزیون ورۆژنامەیان هەیە، بەڵام دەوڵەت و حکومەت خاوەنی ڕادیو و تەلەوزیون ورۆژنامە نین." کاك حامید لە زۆر شوێن هاوڕێمان بوو، بە تایبەت بۆ زیارەت کردنی هونەرمەندان لە هەولێر و سولیمانی. ئەو بەردەوام شێعری شاعیرانی بۆ دەخوێندینەوە کە تەژی بوو لە زەرافەت و هەستی کوردانە. ئەو ئەم شەو دوکتوری مەست کرد, نەك بە بادە بەڵکو بە شێعر و قسەی خۆش، بە تایبەت وەستایانە وە زاراوەی شیرینی گۆرانی, شێعرگەلی کرماشانی دەخوێندەوە.

33

پارلەمان یەکەم شوێنی دیداری ئەمرۆی ئێمە بوو."دێموکراسی و پلورالیسم و کاری هاوبەشی وتەبایی" قسەکانی بەریز جەوهەرنامق بوو. پێداویستیەکانی کوردستان و داوای یارمەتی لە ئوروپا بەشێکی تری وتەکان بوو. لەم دیدارەدا بەرپرسی وەفدەکە دوای ناساندنی "کۆمەڵەی دروستکردنی قوتابخانە بۆکوردستان" و هەروەها ناساندنی "یەکیەتی ماموستایانی ئاڵمان" کە گەورەترین یەکیەتی ماموستایانی ئوروپایە، باسی هاوکاری و چۆنییەتی هاوکاری لە گەڵ دەزگاکانی کوردستان کرد. لەم حەوت کەسە 5 کەس ئەندامی یەکیەتی ماموستایانی ئاڵمان بوون, کە راسپیردرا بوون هەتا راپۆرتێك لە سەر چۆنییەتی سیستمی فێرکردن و بارهینان لە کوردستان ئامادە بکەن تا پاشان وەفدێکی رەسمی سەردانی کوردستان بکات.

34

لە پارلەمانەوە بۆ وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان چووین. بەرێز شالیاری فێرکردن و بارهێنان باسی سیستمی فێرکردن و بارهێنانی لە کوردستان کرد و گیروگرفتەکانی هەڵبژارد. گیروگرفتی سەرەکی نەبوونی کتێب بە زمانی کوردی و نەبوونی کاغەز و چاپخانە بوو. بەشێك لە کتێبەکانی مەدرەسە و تەنانەت دانشگاش کۆپی و جار جار دەستنووسن. تەنیا چاپخانەیەک کە ئەم وەزارەتخانەیە هەیەتی، کاری ئاڵمانە و پێویستی بە تەعمیرات هەیە, بەڵام بە بیانوی گەماروی ئابوری لە سەر عێراق ناهێڵن ئەم کەرەسانە بگەنە کوردستان. بەرێز شالیاری فێرکردن و بارهێنان دەڵێت: "هەزاران ماموستا مانگانە بە معاشی 200 دینار کار دەکەن, ژیانی ماموستا یەکجار خراپە, تەنانەت چەند مانگە مووچەی مانگانە نەدراوە, سەرەرای ئەم وەزعە ماموستا بە هەستێکی بەرزەوە ئیش دەکەن. پلەی فێرکردن بە پێی هەڵسەنگاندنی یۆنسکۆ سەرەرای کەم بوونی کتێب و کەرەسەی خوێندن و وەزعی ژیانی ماموستا و شاگرد , بەرزتر بووە لە کاتی دەستەڵاتداریتەی رژیمی بەغدا. گەیشتن بەم پلەیە نیشانەی ئەو پەڕی لەخۆبردوویی شاگرد و ماموستایە ."

35

لە ژووری وەزارەتی مرۆوایەتی و گەشت وگوزار دانیشتووین. کچێکی قژتەڵایی وەژوور دەکەوێت, داوا لە کاکی جێگری وەزیر دەکا ئیزنی بدا دەقیقەیەك بێتە ژوور. کاك سامی قەبوڵی نەکرد, پاش چەند دەقیقەیەك دیسان هاتەوە, ئیزنی ئەوەی وەرگرت تەلەفونیك بکات. پاش تەلەفون کردن وتی ,, دەیەوێ دوو کەلیمە وتوێژ لە گەڵ وەفدەکە بکا. ئەم خانمە ریپورتێری رۆژنامەی برایەتی بوو. کار لە دەقیقە وسەعات تێپەری و نزیکەی دووسەعات وتووێژی لە گەڵ هەموویان کرد جگە لە نووسەری ئەم دێرانە. ئەز دیلمانجی بووم. فرە ژیر هاتە بەرچاو لە کۆتایدا رووی کردە نووسەری ئەم دێرانە و فەرمووی:" دە تۆ خوا مامۆستا گیان جەنابیشت دوو شەکر بشکێنە." بەڵام من هیچ شەکرێکم پێ نەبوو.

36

ناوی زانینگای سەلاحەدین ساڵی 1983 و 1984زیاتر دەبیسترا ئەو کاتەی خوێندکاران هەستانە سەرپێ. ئەمرۆ نە لە سولەیمانی بەڵکو لە هەولێر سەردانی ئەم شوێنە دەکەین. دەیان پرۆفیسوری زانینگەی بەغدا و شوێنی تر لێرە دەرس دەڵێنەوە, کە بە وتەی بەرپرسان تەنیا لە سەر ئیمان بە خەڵك ئەو کارە دەکەن, دەنا بێ کتێب و ئیمکانات و بەزگی برسی چۆن دەکرێ فێری زانست بی؟ رەییسی دانشگا خۆی یەکێك لەپرۆفیسورە کانی بەرزی دانیشگای بەغدا بوو, لە گەڵ چەند پرۆفیسوری عەرەب بەغدایان بۆ سەدام بەجی هیشتبوو.داوای یارمەتیان لە ئوروپا هەبوو.
ئیتالیا چەند بورسی بۆ دەورەی دوکتورا پێبەخشی بوون، داوایەکی واشیان لە ئاڵمان دەکرد, بریاردرا نامەی ئەم زانینگایە بۆهەموو زانینگاکانی ئاڵمان بەرین وحەول بدەین بۆهاوکاری کردن لە گەڵ زانستگاکانی کوردستان.

37

کە لە دیاربەکرەوە بەرە و سنوور دەهاتین لێیان پرسیم چ هەستێکت هەیە؟ نەمتوانی وەڵام بدەمەوە. بەراستیش مرۆڤ دەبێ چ هەستێکی هەبێ کاتێك وڵاتێکی ئاوەدان و پرپیت و بەرەکەت وێران ببینێ؟ وڵاتێك کە بست بستی بە تانك و تۆپ و سەرباز و قەرە قوڵ داگیرکرابێ. وڵاتێك کە لە نیوان هەر 1000 متردا بنێشکنن، داتبەزینن، وەك پیاوکوژ، وەك خەتاکار سەیرت بکەن. بە درێژایی دیاربەکر هەتا سنوور تەنیا چاوم کاری دەکرد. تەنیا تەلی درکدارم ئەبینی, ئێرە DDRدروستی کردووە، ئێرە BRD دروستی کردووە, ئێرە رووسەکان دروستیان کردووە. ئەوەی دروست کرابوو پادگان و شوێنی نیزامی بوو. ئەوەی ویرانیش کرا بوو ماڵ و گوند بوو.
کە لە برایم خەلیل تێپەرین و فیروز رایکرد و کرنۆشی بردە بەرخاکی کوردستان و دوو کوردەکەی دیکە بەرە و وێنەی سەیدا بارزانی رۆیشتن, من هەر سەیرچی بووم. نەئەردم ماچ کرد؟ نە بۆ لای وێنەی بارزانی رۆیشتم؟ بۆ؟ نازانم. لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک، بە دیتنی جیهانێک لە خۆشەویستی و هونەر و لەخۆبووردوویی لاوانی وڵاتەکەم، لە زمان کەوتم، لاڵ بووم، تەنیا رژاندنی فرمێسك بوو بە پەیڤی دڵ و هەستی دەروونم. لە سولەیمانی دەستی دایکێکی ئەرمەنی بەرپرسی رەوزەی سولەیمانیم ماچ کرد، شانۆی منداڵانی باخچەی مناڵانی سولەیمانی ئاوریان بەردایە گیانم. لە بەردەم مناڵە سووتاوەکانی عەنەب بە چوك داهاتم. لەو وڵاتە تێکدرام و دروست کرامەوە، باکوری خاپورکراو تێکی دام و باشوری ئازادکراو دروستی کردمەوە.
ئەم رێگایە بەرە و سولەیمانی دەروا, درێژەی رێگای دیاربەکرە وبەرەو رۆژهەڵات دەچێ, بەرە و گڵکۆی ئەو کەسانە دەچێ کە بە بێ دووا دیدار لێیان جیا بوومەوە, بەرە و دڵداری نازداری پر لە خەم لە سابلاخ دەچێ کەبە تەنیا مایەوە. بەرە و سەکۆکانی شانۆی سەقز و سنە وکرماشان و بۆکان دەروا، کە ژیانم لەوێندرێ بەجێ ماوە. بەرەو وەنەوشە و قەندیل و تەرەغە و پیرسوڵتان و بیژنگ بەسەر, کەرفتو و فەرهاد تاش وبیستون دەچێ کە جێ ژووانی من و چیاکان بوون. ئەم رێگایە بەرە و گەرانەوە دەروا. گەرانەوە بۆ خۆت بۆ زێدەکەت، بۆ رایەڵ و پۆی بەجێ ماوت. ئێستا هیچکام لە هاورێکانم لێم ناپرسن چ هەستێکت هەیە؟ ئەوان بیدەنگن و من بێدەنگ، تەنیا کامیرای چاویان دەگەرێ. سروشت بە سەرهەمووماندا زاڵ بووە. ئەم وێنانەی بەرچاومان سبەی رۆژێ بیرەوەرین. چاو لە دیتن تیرنابێ، لە ناکاو فیروز ئێژێ بچینە دەشت، لە سەر ئەو شاخە بەرزانە لە ناو ماشێنەوە چووینە دەشت، کۆری هەڵپەرکێ دەگەرێ, فریان بەسەر دنیاوە نامێنێ, مناڵ نین و مناڵ دەنووینن, ئازادن و ئازاری کەس نادەن.

38

وێنەی شێخ مەحمود, مەلا مستەفا بارزانی, پێنج ئەسپی لە سەر مەچەك راوەستاو, چوار ئەسپی بێ سوار, دەروازەی شاری سولەیمانی نیشان دەدەن. هاواری پێنج هەزار کوژراوی هەڵەبجە و یەك کەس لە هەیکەلی پێنج ئەسپدا لە ناو ئاسمانێکی بێدەنگدا بەرز کراوەتەوە. بەڵام کێ گوێی لە دەنگی " کۆسار" و حیلەی ئەسپەکانی بوو؟! خواوەندی ئەو پەیکرانە لە رۆژی 13ی5ی1993 پەیکەری خۆی شەوتاند و خۆی کوشت. ئەو لە وڵاتێکی ئازاددا مەرگی خۆی کردە تابلۆ بۆ زیندووان. مەرگ لە ئازادی و سەربەستیدا دەبێ دەستکەوتی کام ئازادی و کام خەیاڵی ئازادی هونەریی بێ؟ لە هەر باژارێکی کوردستان گەلێک پەیکەر دەبینین کە هەرکام دوو چیرۆك دەگێرنەوە، یەکیان چیرۆکی بەسەرهاتی نەتەوەیکی ژێردەستە و دووهەم چیرۆکی هونەرمەندەکە.

39

زستانی ساڵی 1988ە، لە تەدارەکی جێژنی نەورۆزداین, هیشتا زۆر شتمان ناتەواوە. دەیان میوان لە وڵاتانی ترەوە بانگکراون. قادر دیلان, شوان پەروەر, فەرهاد بابان, جوان حاجۆ, کەریم حیسامی, جەمشید حەیدەری و دەیان کەسی تر، جگە لە میوانی ئاڵمانی و وڵاتانی تر. نەورۆزی ئەو ساڵ دەبوو ببێتە فستیوالێك بۆ مەسەلەی کورد. ئەورۆژانە دەنگ و باسی رادیوتلەوزیۆنەکان هەر لە سەر شەڕی ئیران و عێراقە, رۆژی 15 مانگ خەبەر بڵاو بۆوە کە ئێران شاری هەڵەبجەی گرتووە. خەبەر ئاسایی بوولە بەر ئەوەی لەو 8 ساڵەداگرتن و بەردانی شارەکانی هەردوولا کارێکی رۆژانە بوو. رۆژی 17ی مانگ وێنەی شارێکی مردوو لە تلەوزیونەکانی ئورووپا بڵاوکرایەوە. کوردەکان لێرە هوروژان, کەوتنە شەقامەکان, زۆرتر کوردی باکورو رۆژهەڵات وروژ ئاوا بوون. شاری بۆن بوو بە گۆڕەپانی خۆپێشاندان. چەند بریندار گەیشتنە ئاڵمان, لە شاریکی نزیك کوڵن چووینە دیداریان, منداڵ, ژن و پیاو لەش هەموو سووتاو. لە ناویاندا پاسداریکی ئیرانیش هەبوو. پەرستاریکی ئاڵمانی کوتی:" ئەوە کاریکی نائینسانییە" باسی هیرۆشیما دەکاو خۆی بۆ راناگێری و فرمێسک بە لاچاوانیدا دێنە خوار.

40

کوردەکانی باشور لە شارەکانی کۆڵن و بۆن هەر خەریکی شەڕەدندوکەن, ئەم KSSEی پراگە, ئەوەی تر هی برلینە, ئەگەر ئەوانە نەبن "یوکسی"ن . یەك ئەمرۆ دژی ئێرانە، ئەوی تر بۆ ئێران بە گژ ئەوی تردا دێ. ئەمەیان خەبەرنیگاری تلەوزیونی ئێرانی بۆ هەڵگرتنی فیلم لە خۆپێشاندان هێناوە. ئەوی تریان پیلی عەرەبی عێراقی بە ناوی ئوپۆزسیون گرتووە و بە گژ کوردەکەی دیکەدا دێ. کوردیش هەیە ئاڵای سەوزی ئیسلامی هێناوە و دژایەتی هەموو ئەوانی تر دەکا.هەموو کوردن بەڵام بە ناوی عێراقی وکۆمۆنیست, دێموکرات و نیشتمانپەروە, دژی یەکترن. هەڵەبجەش ناتوانێ دوایی بە شەڕ و هەرایان بێنێ. بەشێکی زۆری چالاکیەکان دژی رژیمی عێراق لە لایەن کوردەکانی باکورەو رێک دەخرێ. کوردی باشور بە گوێرەی توانا هەر یەکە دەستی قژکالێکیان لە دەست دایە و بەشداری خۆپێشاندان دەکەن. بەرەو سفارەتخانە کانی ئێران, عێراق وکوبا ریپیوان دەکرێ. لە بەردەرکی سفارتخانەی ئێران کوڕێکی باشوری لە گەڵ دۆستەکەی پاڵی بە دیوارەوە داوە, خەڵکەکە بیزاری خۆیان دەردەبڕن، بەڵام ئەو ماندوو بووە و دەڵێ:" دەی بابە تەوای کەن با برۆین برسیمانە." ئەوانەی گوێیان لەم قسەیە دەبێ دەهەژێن. یەکێك لێی دەپرسێ خەڵکی کوێی؟ بە هەڵکەوت هەڵەبجەیی بوو. رۆژی دووایە لە شاری کوڵن خۆپێشاندان کرا تەنانەت یەك کوردی باشور بەشدار نەبوو.

21ی مارس نزیك دەبێتەوە، ئایا ئێمە دەتوانین بەریوەبەری شەوی شادی و هەڵپەرین بین؟ ئایا قادر دیڵان و شوان پەروەر و ئەوانی تر دێنە سەر سەکۆی هەڵپەرکێ؟

شەوی 21ی مارسی ساڵی 1988ە, چرای یەکێک لە هۆڵەکانی زانستگای کۆڵن دەکوژیتەوە, زیاتر لە 700کەس هاودەنگ سرودی ئەی شەهیدان دەڵێنەوە, یەك یەك مۆم دادەگیرسێ و سەکۆی شانۆ رووناك دەکرێ, قوماشێکی سوور رۆشنایی مۆمەکان بەرە و ژوور هەڵدەکێشێ و ئەم گوتنە دەردەکەوێ "با یادی هەڵەبجە بکەینە مەشخەڵی یەکیەتی بۆ ئازادی کوردستان" لە هۆڵەکەدا قادردیلان دیار نەبوو، ئەو کە دوو مانگ پێشتر لە کۆڵن یادی دووی رێبەندان لە گەڵمان بوو، نووسیبووی" وا کراواتێکی ڕەشم لە مل کردووە, شەرتە هەتا ئازادی کوردستان دەری نەهێنم."

41

ئێمە هەڵەبجەمان ئاوا ناسی, ئیستا لێمان نزیك دەبێتەوە. ئێمە پێمان وابوو کە ژان و ئازار لە ژیانی خەڵکی هەڵەبجەدا نەماوە. پێمان وابوو لەشی سووتاوی مرۆڤەکانی تیمار کراوە. پێمان وابوو شارەکە ئاوەدان کراوتەوە و ئەو شارە کە رەمزی رەگەزکوژی ئێمەیە، بایخی سیاسی و ئینسانی بەرزی بۆ وڵاتەکەمان هەیە. چاوەڕوان بووین ئازادی و سەربەستی لەجامەیەکی دڵڕفیندا لێرە خۆی بنوێنێ. بەڵام پەیکەری عومەرخاوەر ومنداڵەکەی بێ گیانتر و بی نازتر لە وێنەی بڵاوکراوە لە تەلەوزیونەکان هاتە بەرچاومان. پەیکەری گولەبارانکرا و تێکدراو و هەڵکەندراوی ئەم پارچە بەردە لە دەروازەی شاری هەڵەبجە، گێڕانەوی چیرۆکی هەموو شارەکە و خەڵکەکەی بوو. وێنەی تراژێدی دوێنێ و ئەمرۆ بوو.

42

شارێکی قەرەباڵغ، پڕ لە سیگارفرۆش, عارەبە بەدەست, ڕەژی فرۆش, دووکانی بچکولە, دەیان کاری سەرپێیی, هەزاران پیاوی ریش نەتاشراو, هەزاران ژنی ڕەشپوش, هەزاران منداڵی دور لە ناز , خان و مانێکی وێران و گۆرستانیکی ئاوەدان یانی هەڵەبجە. تۆ بڵێی ئەمرۆ رۆژی دوای بومبارانکە نەبێ؟! ڕەنگە تەنیا تەوفیر ئەوە بێ کە خەڵکەکە بە سەرپێوەن.منداڵێك دوو تەلیسی لە سەر عارەبەیك داناوە لێی دەپرسم:

- ئەوە چییە؟

ڕەژیە!

- بە چەندە؟

8دینار!

- 8 دینار بەشی چت دەکا؟

نانی وشکی!
- ئەوەندە ڕەژی کاری چەند ڕۆژە؟
یەك حەوتوو!
- یانی ڕۆژی یەك دنیار!؟
ئەگەر ئەمرۆ بۆم بفروشرێ!
- دەرس دەخوێنی؟
نە, بە چی دەرس بخوێنم, نە دایکم هەیە و نە باوك, جگە لە دایە پیرەیەك, بە زۆری خەرجی خۆم دەردینم!
- حکومەتی هەریم یارمەتیت نادا کە بچییە خوێندن؟
بە بزەیکی تاڵەوە رو دەکاتە تایە ڕەژیەکە و دەڵێ, نا!
چەند سەد، چەند هەزار منداڵی وا لەم شارەدا هەیە؟! بە بەردەمی ڕەژی فرۆشەکەدا, خۆ دەکەین بە قاوەخانەکەدا لێرە بۆنی جەرگ و گۆشتی برژاو حەوشی قاوەخانەی داگرتووە. لە سەر کورسییەك دانیشتووم. چاوم بڕیوەتە شاگرد قاوەچییەکە. وەك ئەوەی لە رازی دڵم بگا، دێ بۆلام چاك وخۆشی لە گەڵ دەکەم . دەڵێ هەم دەرس دەخوێنم و هەم کار دەکەم .چاو بە دەورو بەرمدا دەگێڕم چەند لاو لە تەنیشت ئێمەوە دانیشتوون . خەیالێك بە مێشکم دادێ, تۆ بڵێی ڕۆژی 16ی مارسی 1988 کێ لە سەر ئەم کورسیە دانیشتبێ؟ تۆ بڵێی کێ لە سەر ئەم کەشەفە نانی خواردبێ؟ تۆ بڵێی کێ بەم ئیستکانە چای خواردبێتەوە؟ چۆن دەکرێ بە کۆچە وکۆڵان و شەقامی ئەم شارەدا هاتو چۆ بکەی و لە ماڵ و دووکانەکانی بژی و ژیان بۆت ئاسایی بێ؟ ئایا هەر ئێستا لە پاڵ دەستیان, لە ناوجێگاکەیان, لە سەر سفرەی خواردنیان مرۆڤی مردووی چاو زیندوو نابینن؟ لە قاوەخانە دێمە دەرێ و خۆدەکەم بە کۆڵانێکدا, منالێکی سێ ساڵانە بە قەراخ دیوارەکەدا رادەبورێ, دەچم بۆ لای، لێی نزیك دەبمەوە, سڵ ناکا, راناوەستی, دیگرمە باوەش ڕایدەموسم, هیچ ناڵی, دایدەنیم دریژە بە ڕێگاکەی دەدا, نە چاوم لێدەکا, نە بزەی دێتێ و نە دەگری, لە جێدا چەقیوم، بۆم دەبێتە پرسیارێکی بێ وەڵام.

43

گوندی عەنەب 6 کیلۆمەتر لە شاری هەلەبجەوە دورە و کەوتۆتە باکوری شار, یەکێك لە مەبەستەکانی ئێمە دیتنی ئەم گوندەیە. خەڵکی گوندەکە، عەنەب بە دەستە برای هەڵەبجە دەزانن, ڕۆژی کارەساتەکە جەماوەری هەڵەبجە هاوار بۆ ئەم گوندە دێنن, بەرەو گوند ڕادەکەن, بەڵام لێرەش خەڵك لە گەڵ مەرگ دەستەویخە بوونە, بە تەنیا عەنەب 300 کوژراوی داوە یانی نزیك نیوەی خەڵکەکە. لە بەرزاییك کە دەروانیتە هەموو گوندەکە گۆرستانی نوێ ساز کراوە، ئەو کەسانەی نەناسراونەتەوە هەر بە کۆمەڵ ناشتراون. سەمبولی گۆرستانەکە بۆمبایکە کە دەستکردی ئاڵمانە و بەپارە فرۆشتویانە بە سەدام, کیلەکان بۆمبن کە لە ئاسمانەوە دێنە خوار.

44

یەکەم مە نزڵی ئێمە, فێرگەی گوندەکەیە. هەر لە شوێنی قوتابخانە ویرانکراوەکە, مەدرەسەێکی نوێ ساز کراوەتەوە! 60 منداڵ ئێستا لێرە دەرس دەخوێنن. لە نیوە زێدەتر دایك و بابیان نەماوە، یاخۆ یەکیان ماوە. منداڵەکان هەموو بەریز کراون و دەیان چەپکە گوڵی نیرگز بە دەستیانەوەیە و دەیخەنە باوەشی ئێمەوە، لە گەڵیان دەست لێدەدەینەوە ولە ئامێزیان دەگرین، لە پڕ دەنگێکی ئاسمانی لە جێدا راماندەگرێ, کوڕیکی تەمەن 12ساڵ بە سەر هەڵەبجەو عەنەبدا هەڵدەڵێ. هاواری ئینسانێك کە ڕەنگە لەم دنیایەدا بەگوێچکەی کەسدا نەچێ.
بە ڕاستی ئێرە چ وڵاتێکە؟ یەکێک وەك کۆسار لە هەیکەڵی ئەسپدا هاوار دەکا و پاشان خۆی دەکوژێ, چاوکاڵە سێ ساڵانەکەی هەڵەبجەش لە بێدەنگدا چیرۆك دەگێریتەوە و لێرەش لە ئاهەنگ و شێعردا هاوار بەرە و ئاسمان دەڕوا. ئاسمانێک کە لە هەموو شوێنێک یەک ڕەنگ نانوێنێ.
لە 6ساڵییەوە لە گەڵ ئازاریکی مەزن گەورە بووە. بە تەنیا لەم دنیایەدا "لە ناو زریاندا بە جێیان هیشتووە"[5] لایەك لە لەشی سووتاوە, چاوێکی لە دەست داوە! ئەم کوڕە هەم چاوگی تراژیدی و هەم حەکایەتخوانی تراژیدیە! وەکو کۆسار هەڵەبجەیی و 5 ئەسپەکەی! ئەو لە دەروازەی شاری بابانەوە ڕیبوار بۆ ناو ئەم تراژێدیستانە بانگ دەکا. لە ئامێزی دەگرم ڕایدەموسم, بەڵام گەرمی لەشی من گەرمی لەشی دایك و بابی کوژراوی نادا. بەرپرسی قوتابخانە, کە خۆی یەك لە قوربانییەکانی عەنەبە دێتە پێش و دەڵێ: "مامۆستا ئەم کوڕە زرنگترین شاگردی قوتابخانەکەمانە." ئەم منالە فێری کردین کە ئینسان زۆر مەزنە ئەگەر خۆی پێ بزانێ.

45

هانس هەرای لێکردم بارام وەرە وەرە. لەم کچە بپرسە بزانە ناوی چییە. کچێکی کراس سووری ڕەشتاڵە بوو. پێم سەیر بوو بۆ زیاد لەو هەموو منداڵە گەرەکیە ناوی ئەم کچە بزانم؟ لێم پرسی، خانمەکەم ناوت چییە؟ خونچەی دەمی کرایەوە و گوڵێك لە سەر دەمی بە ناوی مەهاباد پشکوت . لە حاندیدا شۆربوومەوە لە باوەشم گرت و بە هەموو خۆشەویستی ژیانم ماچم کرد. مەهاباد لە ناودڵی هەڵەبجەدا! کێ ئەو ناوەی لە سەر داناوە، باوکی، دایکی یان هەرکیان؟ ئەگەر لە گەڵ ئەو ناوە هیوا و ئارمانجێکی نەتەوەیی گرێ نەدرابێ، بۆ لە گوندێکی ناوچەی شارەزوور، ناوی مەهاباد لە سەر کچەکانیان دادەنێن، دایک و باوکێک کە رەنگە هەر لەبەر خاتری ئەم هەستە و ئەم هیوایە کیمیاباران کرابێن. لێی دەپرسم، ئەزانی من لە کوێوە دێم؟ سەری راوەشاند,

وتم لەو شوێنەوە دێم كە تۆی بە ناوەوە كراوە, بزەێكی دێتە سەر لێوی, لێم تێناگا. رووی كردە كچۆڵەكەی پەنای دەستی وتی: "ئەوە ئاواڵی منە, ناوی گوڵە باخە" ئەوجامن هەرام لە هانس كرد. تۆ لەو كچە بپرسە بزانە ناوی چییە. دەپرسێ: ناوا تۆ چییە؟ گوڵەباخ . هانس تینەگەیشت. كاتێك لە مانای ناوەكە گەیشت وتی بە راستیش لە گوڵەباخ دەچێ.
لە گەڵ منالەكان بەرە و گۆرستان كەوتینە رێ، مەهاباد و گوڵەباخ قسەیان بۆدەكردم وشتیان دەگێڕاوە, پرسیاریان دەكرد, یەك لە پرسیارەكان ئەوە بوو كە منداڵم هەیە؟

46

هەڵدەهاتین, وەشوێنیان دەكەوتم, كایەمان دەكرد, قاقای پێكەنیان, سادە و ساكاربوونیان, منیشی دەبوژاندەوە. مەهاباد ڕادەوەستێ، سەیرم دەكا بە هەڵاتن دێ بۆ لام, دەستم دەگرێ بێ ئەوەی قسە بكا بە شوێن خۆیدا ڕامدەكێشێ, ڕادەوەستێ. بەرانبەرمان چاڵێكە, ئارام دەڵێ:" ئەوە جێگای گۆری بە كۆمەڵە." لەو كاتەدا دەستی درێژ دەكا و دەڵێ:" ئەو گوڵە نێرگزانە بۆ تۆ." ئەم تابلۆیانە زیندوون. ئەو منداڵانە مەزن و ئێمە لە چاو ئەوان بچوكین, بچوك. خەم و شادی, مەرگ و ژیان, خۆشەویستی و بێزاری, لەم گوندەدا پاڵیان داوە بە پاڵی یەكتروە. لە ئامێزیان دەگرم و وێنەی بەرزی ئەم ئینسانە بەرزانە بە تاقی مێشكمدا هەڵدەواسم. گوندی مەهاباد و گوڵەباخ بەجێ دەێڵین، بەڵام جیهانێک خۆشەویستی و فەلسەفەی ژیان و بەڵێن لە گەڵ خۆمان دەبینەوە.
لە گەڕانەوە بۆ سولەیمانی دەگەینە سەید سادق, ناوێكی یەكجار ئاشنا. وەبیر ویژەری رادیوی تاران دەكەومەوە كە لە ژێر دەنگی مارشی شەڕدا دەیگوڕاند: "سەید سادق ئازاد شد."

47

لە سەرگۆڕی وەلی دیوانەوە دەنواڕمە سەید سادق " نە ئازادكەرێك دیارە و نەداگیركەرێك." دوو پەیكەری بچكۆلانە دەبێندرێ. هێمن وچنار خوشك و برایەك بوون، كە هەموو رۆژێك لە گوندەكەیانەوە دەچوون بۆ فێرگەی سەید سادق. رۆژێكیان دایكیان زۆریان چاوەڕی دەبێ و منداڵ ناگەڕێنەوە. شەو بە سەردادێ و دایك هاوار بۆ دراوسێكانی دەبا. لە تاریكی نێوە شەودا كە تەنیا ڕەنگی سپی بەفر دەبیندرا و دەنگی گیانلەبەری برسی دەبیسترا، ڕەشاییەک لە دورەوە بەرچاوی پشكێنەران دەكەوێ. كاتێك هاوسێكان دەگەنە سەریان دوولەشی بێ تێن و "دوو دێوانەی دێوانەتر" لە وەلی دێوانە لە باوەشی یەكتریدا دەدۆزنەوە. لەم دووانە تەنیا ئەو دوو پەیكەرە ماوەتەوە.

48

بۆ ئەوە باس لە پرۆژەی داهاتوومان بكەین, شەو لە سولەیمانی میوانی KROبووین. بەر لەوە دەبوو حیساب وكیتابی قوتابخانەی عەنەب بكرێ وداواكانیان بەجێ بێنین. بۆ ئەوە بڕیار درا پێداویستیەكانی قوتابخانە وماموستاو شاگرد هەمووی لە سەر شانی كۆمەڵەی دروستكردنی قوتابخانە بۆ كوردستان بێ, و KRO ئەركی دابین كردنی وەئەستۆ بگرێ. بڕیاردرا قوتابخانەی دووهەم لە گوندی دۆرێ لە ناوچەی بارزان ساز بكرێ, شوێنێك كە بارزانییەكان تازە لە ئێران گەرابوونەوە و منداڵەكانیان لە ژێر نایلۆن و دەڵقدا دەرسیان دەخوێند. بە پێی بەراوەرد ئەم دوو قوتابخانەیە سەرجەم زیاتر لە 70000ماركی ئاڵمانی خەرجیان دەبێ كە لە سەر شانی كۆمەڵەكەی ئێمەیە.

49

رۆژی دواتر وەڤدەكە دەگەڕێنەوە بۆ عەنەب و هەڵەبجە، بەڵام من لە گەڵ كاك حامیدو پیشمەرگەیەك بۆ دیتنی هونەرمەندانی شاری سولەیمانی دەمێنینەوە. یەكەم ماڵ ئیدارەی فێركردن و بارهێنان بوو. كاك حەمەرەزا بەرپرسی ئیدارە بە گەرمی وەری گرتین و هەتا نێوە شەو لەگەڵمان مایەوە. پیاوێكی خوێن گەرم ودڵسوز و هونەردۆست، وتی هەستین با برۆین. بۆكوێ كاكە حەمە؟ بۆ ڕەوزەی سولەیمانی. ڕەوزە لای ئێمە ئەو شین و گابۆڕەیە، كە شیعەی ئێران لەمانگی موحەرمەدا بەرێوەی دەبن. داخوا ڕەوزەی سولەیمانی دەبێ چ بێ؟
كاتی دابەشكردنی پارەی مانگانە گەیشتینە رەوزەی سولەیمانی[6]. بەرپرسی ڕەوزە خانمی ماكرۆی كاسپاریان دەڵێ: "35 ساڵە خزمەتی منالی ئەم شارە دەكەم, خانە نشین كراوم بەڵام دڵم تاقەتی نەهێناو گەرامەوە لای منداڵەكان." تەمەنی لە 60 تێپەریوە بەڵام شاد و بەكەیف و رووخۆشە, لە گەڵمان دێت بۆ هۆڵی شانۆ. دەنگی پیانۆ دێتەگوێ, سەكۆیكی خشپیلانە وجوان بە ڕەنگی منال پەسەند رازاوەتەوە. دەستەیەك منالی 4و 5ساڵان لە گەڵ خانمێك لە سەر سەكۆی شانۆ خەریكی نوواندنن, خانمیكی تر لە خوارەوە پیانۆئەژەنێ. مامەشوانەی بچكۆلانە دێتە سەرسەكۆ هەواڵی دزینی مریشكەكان بە دەست رێوی فیڵەباز دەدا و شەرت ئەكا رێوی فیڵەباز بیراز بكات. موسیقا و كەلامی شێعری و دەنگی گۆرانی و كۆڕاڵی منداڵەكان، كاریكی منالانەی جوان نیشان دەا. هەستێكی شاردراوە زیندوو دەبێتەوە. بەیان كە لە رۆحی منالەكان زۆر نزیك بۆتەوە دەڵێ: " من خۆم شانۆگێڕم و لە خزمەت ماموستای پایە بەرز ماموستا ئەحمەد سالار فێری شانۆ بووم, ئەو فێری منی كرد, منیش حەز دەكەم ئەوەی فێریان كردووم، فێری ئەو منداڵانەی بكەم. هەرچەند كارەكە سەختە بەڵام خۆشم ئەوێ. منال بە برسیەتی, بە سەرما دێنە ئێرە هەر ئەوە هانم ئەدا زیاتر بەلایاندا بچم, شانۆكان لە فولكلۆری كوردیەوە

وەردەگرم, دوایە لەگەڵ ئەم خۆشکە کە پیانۆ لیئەدا تەنزیمی ئەکەین و پاشان لە گەڵ مناڵەکان پرۆبەی ئەکەین, ئەم مناڵانە هەستیان زۆر بەرزە, زۆر بە توانان." ماکرۆی دەڵێ: " من ئەو مناڵانەم خۆش ئەوێ, ناتوانم لێیان دوربم, هەموو ژیانم لە گەڵیان بووم, نەمتوانی وەك خانەنشین بمێنمەوە, هاتمەوە."
بە دوودڵییەوە دەپرسم.
ببورن کە ئەم پرسیارە دەکەم ئێوە کوردن؟
نا من ئەرمەنیم, خەڵکی سولەیمانیم.
باشە چۆنە لە کوردستان ماویەوە؟
ئەی بۆ کوی بچم, ئێرە وڵاتتی منە, ئێرە شاری منە, ئەمانە مناڵی منن!؟
چەند ماڵن لە سولەیمانی؟
ئێستا چەند ماڵ, زۆرتر نەماوە.
کاك حەمەرەزا دەڵی: " خوشکە بەیان لەگوند دەرسی دەکوتەوە, هەروەها زۆر کەسی تر, ئەوانەم هێناوە شاربۆ ئەوەی ئەومناڵانە لەهونەر دور نەکەونەوە, ژیانی وشکی بێ هونەر مانای نییە. ئێمە ئەبێ مناڵەکانمان بە شێوەێکی زانستی, لە گەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بار بینین." کاك حەمەرەزا خۆی شاعیرە و دەنگی خۆشە و زۆرجار ئاوازی داناوە, خەڵکی کەرکوکە, بەڵام ئێستا لە سولەیمانی ماوەتەوە.
لە کوردستان دەیان وسەدان کەسی وەك خانمی کاسپاریان, بەیان و حەمەرەزامان چاو پێکەوت.
دە رۆژ دوای ئەو رۆژانە لە سەر تەختی نەخۆشخانەی دانشگای شاری کۆڵن لە کاتێکدا ژان بە سەرمدا زاڵە چاوم بڕیوەتە میچی ژوورەکە ولەخۆم دەپرسم، ئاخۆ ئێستا دەنگی پیانۆکە لە رەوزەی سولەیمانی دێتە گوێ, یان دەنگی تفەنگ جێگای گرتۆتەوە؟ ئاخۆ مناڵەکان گۆرانی دەچرن؟ شانۆ دەگێڕن؟ بڵێی ریویەکە جارێکی تر دەست بکاتەوە بە ڕاوی جوجك و مریشکان؟ ئاخۆ خاتو ماکرۆی خانە نشین کراوەتەوە؟ ئەی چی بە سەر خۆشەو یستە کانی هاتووە؟ ئاخۆ بەیان سوورە لە سەر بڕینی ڕێگای ماموستاکەی؟ ئاخۆ کاك حەمە رەزا لە سولەیمانی ماوەتەوە یان ڕاو ننراوە؟ ئاخۆ مەدرەسەکەی عەنەب وەك مەدرەسە ماوەتەوە یان بۆتە شوێنی چەك بەدەستان؟

50

باوەڕم نەدەکرد,لە ناکاو وتم براگیان بێ زەحمەت ڕایگرە! برای شوفیر ماشێنەکەی ڕاگرت و من دەرپەریم. پێشم بە مینی بوسم گرت. کاکە حەمەرەزا و کاک حامید بە سەرسوڕمانەوە سەیرم دەکەن و کاک حەمە رەزا بە سایقی ئوتوبوس دەڵێ رایگرە. سایقی ئوتوبوس رایدەگرێ و واق وڕماو دەپرسێ چی رووی داوە بۆی رایگرم؟ هەموو سەیری من دەکەن و نازانن چ باسە، دەورێکی ئوتوبوس دەدەم و لە بەرانبەر شوشەی دەستە چەپی ماشێنەکە دەچەقم. چاوم ریشکەو پێشکەی نەدەکرد, لە سەر شوشەی تەنیشتی ماشینەکە نووسرابوو: "سولە یمانی – بۆکان." ئێستاش نازانم ئەمە خەون بوو، یان بە ڕاستی ئەم ڕێگایە کراوەتەوە.

51

بارگای تیپی نواندنی سولەیمانی[7] لە نهۆمی دووهەمی عیمارەتێك هەڵکەوتووە. ئەم گوزەرە لە تەورێز و کرماشان دەچێ. کاك حەمەرەزا لە دورەوە دەست بۆکەسێك هەڵدێنێ و دەڵێ ئەوە ئەنوەر قەرەداخیە[8]. خۆمان بە ستۆدیوکەی داکرد, خەرێکی تۆمارکردن بوون, تەنیا چاکی و خۆشی و لە باوەش گرتن, بەم هیوایە شەو میوانی بین. لە تیپی نواندن وتووێژێکی تێر و تەسەلمان لە گەڵ کاك سمکۆ وکاك کاوە و دۆستانی ترهەبوو. لێرە دەیان وێنەی شانۆیی کە بە زمانی کوردی پێشکەش کراون، هەڵواسراوە کە نیشانەی بوونی فەرهەنگێکی شارستانیانەیە. هەرچەند شانۆگێڕان لە سەربەستی و ئازادیدا دەژین بەڵام خەم و ناباوەڕی لە ناخەوە ئازاریان دەدا. خەمی دوا رۆژی هونەروفەرهەنگ.

52

لە "کۆمەڵەی[9] هونەرە جوانەکان" کاك ئەرسەلان دەرویش لە گەڵ ئەندامانی تیپەکەخەریکی تەمرین کردنی شانۆنامەیەکی خارجی بوون. ئازاری هونەرو هونەرمەند درامای ژیانی شانۆگێڕانی ئەم ناوەندە بوو. درامایەك کە تا ئەو دەمە نەکەوتبووە بەردەستی بەرپرسانی وڵاتەکە.

53

"یەکیەتی هونەرمەندانی شاری سولەیمانی" دوا زیارەتگا بوو. دەبێژن هەموو تیپە کان لێرە یەکتریان گرتووە. بڕیار بوو کۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداری هەموو شانۆکارانی سولەیمانی بکرێ، تا بتوانین بە تیروتەسەلی باسی شانۆ و گیروگرفتە کانی بکەین, سەرەڕای ئەوەی هەموو لاینەکان ئاگادار کرابوون,ئەم دانیشتنە سەری نەگرت. ئەوەش دەریخست هونەرمەندانی شانۆ لە سولەیمانی تەنیا لە چوارچێوەی گروپەکەی خۆیاندا یەك گرتوون.

54

لە حەوشی "یەکیەتی هونەرمەندان" کاك حەمەڕەزا لە گەڵ خانمێك ئاشنای کردم، ئەو دەڵێ: "...خان هەموو ژیانی تەرخانی هونەری شانۆ کردوە بەڵام لە لایەن هاوکارانی پیاوەوە ئازاری رۆحی دراوە."
ئازاردانی رۆحی ژنێك تەنیا لە بەر ژن بوون و کاری هونەری کردن ئەویش لە لایەن هونەرمەندی پیاوەوە, نیشانەیە بۆ نزم بوونی فەرهەنگ و رەفتار لە ناو هونەرمەندانداِ، کە رەنگە خۆیان بە پێشکەوتووش بزانن.

55

لە گەڵ خەڵکی چاوەڕوان دەچینە ناو هۆڵی شانۆ. پیشمەرگە لە سەر سەکۆی شانۆ شانۆنامەی "کاوەی ئاسنگەر [10] پێشکەش دەکەن، دیکۆرێکی رێك و پێك و کایەیکی گەرم. بەداخەوە ماوە نەبوو هەموو شانۆکە ببینین. لە ناوەندی سینەمایی کومپانیای جوان لە گەڵ دەرگای داخراو روبەرو بووین. شەو چووینە ماڵی کاك ئەنوەر قەرەداخی. درانگانێك گەڕاینەوە هوتیل. کاك سامی لێمان زوویر و نیگەران بوو, وتی: " لە سەعات دە بەولاوە ناو شار ئەمن نییە. پێشمەرگەش لە شەقام نامینن." رۆژی دوایە سولەیمانی مان بەرە و هەولێر بەجێ هێشت.

56

لە ناوەندی ڕاگەیاندنی دەرەوەی پارتی کەسێك بۆ چوون بۆ سەلاحەدین لە گەڵمان دەکەوێ، هەوارگەی سەلاحەدین شوێنێکی خۆش وڕەنگین و دڵڕفێنە. لە حەوشی بینایێکی گەورە, کەسانێکی زۆر راوەستاون, کۆمەڵێک پێشمەرگە دەبیندرێن. بەرە و ژووریك رینمونی دەکرێن, ژوورێکی بچکۆلانە بە چەند کورسی ومێزیك پڕکراوەتەوە. کاك مەسعود بارزانی بەخێرهاتنمان دەکا. وەڤدەکە خۆی دەناسێنێ, وادیارە کەسانێك بۆ ئەو ناسیاون, ئەو ئاڵمانییەکان دەناسێتەوە. کاك مەسعود لە سەر بارو دۆخی کوردستان دەدوێ, ئەویش وەك کاك نەچیروانی برازای باس لە برایەتی و تەبایی ناو هێزەکانی کوردستان دەکا, هەروەها باس لە گرینگی دۆستایەتی و پێوەندی کورد و ئاڵمان. پاشان وەڤدەکە دیتنی خۆی لە مەڕ کارو خەباتی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە سەر تێکۆشانی قوتابی و ماموستا دێنێتە زمان و دوایە پرسیار و وەڵام دەست پێدەکا. یەکێك لە برا کوردەکانی باکوردەڵێ پرسیارێکم هەیە داوام ئە وە یە وڵامم بدرێتەوە. کاك مەسعود دەڵێ فەرموو.
دە پرسێ منداڵەکانی دوکتور شوان[11] داوایان لێکردووم لێتان بپرسم، کە باوکیان چۆن کوژراوە؟ کاك مەسعود هێندێك تێکچوو. پاشان وای وەڵام داوە: " من زۆر ئاگادارنیم , بەڵام ئەوە روونە کە نێوان ناخۆشی ناوخۆیان بۆتە هۆی کوشتنی دوکتور شوان." پاش ئەم پرسیارە گەرم و گوڕتر کەوتینە قسە. ئەو کە ئاگادار کرا کە دوو کەس لە ئەندامانی وەڤدەکە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانین , ئەمەی گێڕاوە" لە کاتی ئازادکردنی کوردستان لە شوێنێك دانیشتبووین,هەر دەهاتن و خەبەری ئازاد بوونی یەك لە دوای یەکی شارەکانیان دەدا و هەموو هەڵدەستانە سەرپێ. هەر بەم چەشنە هەولێر, دهۆك, سولەیمانی و باقی شارە کان، من هەر دانیشتبووم ، پرسیان باشە تۆ بۆ هەڵناستی؟ منیش وتم شارەکەی من رزگار نەبووە کە هڵستم, من لەدایك بووی مەهابادم.."
منیش ئەم چیرۆکەم بۆ گێڕایەوە "لە گوندێکی ئاڵمان دەژیام, دوو مانگ بوو هاتبوومە ئەم وڵاتە, دە رۆژێك لە بوونم لەو ماڵە دەگوزەرا. بەیانی زوو دەبوو چووبام بۆ شار بۆ کەلاسی زمان. ئەو شەوە سەعاتەکەم لە کار کەوت.
ڕستەیکم بە یارمەتی فەرهەنگ(قاموس) ساز کردو و چووم لە نهۆمی دووهەم لە دەرگای ماڵی خاوەن ماڵمدا.کابرا دەرگای لێکردمەوە, منیش ڕستەکەم کوت. کابرا لەقاقای پێکەنینی داو هەرای لە ژنەکەی کرد. پێم سەیر بووم من چیم کوتوە؟ ژنەکەی هات, کابرا کوتی ئەوە ئاڵمانی قسە دەکا. پیلیان گرتم و بردیانمە ماڵەوە. یەکەم پرسیار ئەوە بوو چ میللەتێکی؟ کوتم کوردم. کابرا پرسی تۆ ژنراڵ بارزانی دەناسی؟ پاشان کوتی:" کورد میللەتێکی ئازان, من دەزانم شەڕ چەندە پیسە , من خۆم لە شەڕ دابووم وبراێکم لە شەڕدا کوژراوە."
نانی نیوەرۆ لەوێ ماینەوە," زیگی مارچ" ئەندامی پاڕلەمانی سەوزەکان لە ئەیالەتی "نوردراین ویستفالن" و کەسانێکی تریش لەوێ بوون .

57

لە هۆتیل شیرینی هەولێر لە ناو دۆستان کاك ئەحمەد ساڵارو کاك سەباح عەبولرەحمان و کاك سەفوەت جەراح و دۆستانی تردابن. باس و گفتوگۆ لە سەر شانۆی کوردیە, لە کۆی قسەکان وا دەردەکەوێ کە شانۆ بە پێچەوانەی پێشوو بەرەو نزم بوون دەچێ هەتا بەرەو هەڵدان. بە وتەی دۆستان هیچ ئیدارە و وەزارەتخانەیەك پشتیوانی و یارمەتی هونەرمەندان ناکەن و نادەن. هونەر کەوتۆتە چوارچێوەی حیزبایەتی و حیزبایەتیش هونەری کز کردووە و هاوردویەتە خوار. لە ژیر ئاڵای حیزبەکاندا بێ هونەری بە ناوی هونەر دەرخواردی خەڵك دەدرێ. هەم ناوەرۆك و هەم فۆرم مۆری حیزبی گرتووە. هونەرمەندی نە حیزبی بێ دەستەڵاتە و بۆ گوزەرانی خۆی وەشوێن هەموو کارێك دەکەوێ جگە لە هونەر. لە لایەکی ترەوە کۆنە مێتۆدی هەرزانخڕی شانۆی ئوروپا لە ژێر ناوی نوێخوازی عەرەبیدا، لە لایەن دەرچووانی پەیمانگاکانی بەغاوە، لە بازاری هونەری کوردستان زۆر بە گران دەفرۆشرێ و ئەوە بە هەڵدانی هونەرێکی بەرزی کوردی لە قەڵەم دەدرێ!
پرسیاریش ئەوەیە کە ئایا لاسایی کردنەوەی لاساییکەران دۆڕاندنی هونەرە یان پێشکەوتنی هونەر[12].

کاك بارزان یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی رۆشنبیری و هەروەها کاك فەرهاد عەونی بەرپرسی رۆژنامەی برایەتی و یەکێک لە نووسەرانی رۆژنامەکە باسی بواری رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردستان دەکەن وگیر وگرفتی تەکنیکی وچاپ دەستنیشان دەکەن.

58

لە کاتێکدا زانستگا و فێرگەکان و وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان بێ کتێب و ئیمکاناتی چاپن, دەیان رۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامەی حیزبی دەردەکرێ، بەڵام جێگای رۆژنامەی سەربەخۆ بەهۆی نەبوونی پارە و ئیمکانات و نەبوونی خوو و رەوشتی رۆژنامەوانی سەربەخۆ چۆڵە. ئازادی و دیمۆکراسی بە سەنگ و تەرازووی حیزبەکان لە کێش دەدرێ.
هێندیك نووسەر لە رێگای کۆپی کردنەوە حەولی کردنەوەی رێگایێکی رۆژنامەوانی ناحیزبی دەدەن. کاکەسوار(ئیلخانی زادە) وتەنی "رێگەیان دور و سەخت و قاقرە."
بەداخەوە بە دەگمەن چاومان بە هونەرمەند و رۆشنبیری گرینەدراو بە پارت و رێکخراوەکان کەوت. داسەپاندن و فەرزکردنی بیر و بۆچوون و فەرهەنگی تەسك و یەك لایەنی دەستەیك و گروپیك بە ناوی حیزب و رێکخراو بە سەر فەرهەنگ و بیرو بۆچونی میللەتێکدا کارەساتی گەورەی ئینسانی دەخوڵقینێ, بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ بۆ وەدوانەکەوتن لە ژیانی ئینسانی سەردەم پێویستی بە بیروزانینی فەراوان و قوڵ و فەرهەنگیکی هەمە لایەنەی رەنگین هەیە. تێکشکانی هەر کەس وهەر میللەتێك لە هەژاری فەرهەنگەوە دەست پێدەکا..

59

ئێمە گەرەکمان بوو وێنەیکی هەمەلایەنەی هەمەڕەنگ لەکوردستان وەرگرین.گەرەکمان بوو لە تەك خاوەنی هەموو ڕەنگەکان, دەنگەکان, بێ ئیمکانی و بێ ڕەنگ و ڕەنگاو ڕەنگەکان بدویین و دانیشین. بەداخەوە, سەرە ڕای ویست و داخواز و داواکاری ئێمە وێنەکەمان هەمە ڕەنگ نییە, و ئیمکانی وا بۆ ئێمە نەڕەخسیندرا.

60

سەردانی حیزبی تورکمان و خوێندنگەی تورکمەنی دوا دیداری ئێمە لە شاری هەولێر بوو.لە خوێندنگەکانی کوردستان نەداری, بێ ئیمکانی و گلەو گازندە لایەنێکی رۆژانەی ژیانی مەدرەسەکان بوو. لێرە بە پێچەوانە. تیروتەسەلی رەنگی منداڵەکانی گۆریوە. لە ناو منالە کوردەکان جل و بەرگی کۆن و کتێبی کۆن کە بە وێنەی سەدام نەخشێندرابوو، چاوی ئازار دەدا, لێرە جل و بەرگی نوێ, کتیب نوێی رازاوە بە وێنەی ئاتاتورك بەرچاو دەکەوێ. ماموستای ئێرە پۆشتە و بەدەماخن, کەلاسی دەرس پڕەلە مێز و کورسی نوێ کە هێشتا فریا نەکەوتوون نایلۆنەکانی لێبکەنەوە. هانس یەك لە کتێبەکان وەردەگرێ لە روپەڕی یەکەم، وێنەی ئاتا تورك دەبیندرێ. لە ماموستاکان دەپرسین گیروگرفتێك, ساکاڵایەك, گلەوگازندەیەك, پێداویستیکتان هەیە؟ وەڵام دەدەنەوە نا هیچ پێداویستیەکمان نییە، راستیش دەکەن. ئەم مەدرسە لای هاوکارانی ئاڵمانی وا زەق لە چاوان دەدا کەلە هەموو گۆشە و قوژبنێك وێنە و فیلم هەڵدەگرنەوە.
لێرە کەسانێك وەك ماموستا خەریکی فێرکردنی موسیقا و سرودی رەسمی دەوڵەتی تورکیان کە نە لە کورد دەچن, نە لە تورکمەن دەچن, نە کوردی دەزانن, نە ئیزن دەدەن وێنەیان بگرین, هەمووشیان چاویان بەچاویلکەی ڕەش داپۆشراوە. ماموستاکانی تر نە رواڵەتیان لە تورکمەن دەچێ نە تورکی قسەکردنەکەیان. کوردییەکی بێگەرد و بێ گرێ و رەوان قسەدەکەن و دەئاخڤن. یەك لە هاوکاران دەپرسێ ئێوە کوردن یان تورکمەنن؟ بە زار وەڵامی نا وەر دەگرێتەوە بەڵام زمانی چاو ولەش درۆمان لەگەڵ ناکەن! لە ناو هەموو منداڵەکاندا تەنیا چەند دەم وچاوی بەراستی تورکمەنیمان بینی باقی هیچ تەوفیرێکیان لە گەڵ منداڵەکانی تری هەولێر نەبوو. منداڵ لێرە فێری تورکی ئەستانبوڵی دەکرێن نە تورکمەنی. برا یانی باکوری بە دیتنی ئەم فێرگەیە تەواو تێکچوون, یەکیان وتی : " وەبیر خۆم دەکەومەوە ئەو کاتەی کە لە تورکیە لە دەبستان بووم ."
کاتی کۆتایی مەدرەسەیە و هەموو منداڵەکانیان لە حەوشە بە خەت کردووە. دوو منداڵی شەش حەوت ساڵان لە ناوەراستیان ئاوا دەقیژینن:
" من تورکم , تورکی زمانی منە و شانازی بە تورك بوونی خۆم دەکەم, زمانی تورکی خۆشترین زمانی دنیایە, یەك تورك هەموو دنیادەهێنێ."
ئەم گوتنانە لە زاری منداڵیکەوە دەردەچێ کە نە رواڵەتی تورکانەیە و نە زمانەکەی تورکیە و نە لە وڵاتی تورکیا دەژی . منالێکی هەولێری لە پایتەختی کوردستانی ئازادکراو دەبێژێ:" من تورکم , تورکی زمانی منە و شانازی بە تورك بوونی خۆم دەکەم, زمانی تورکی خۆشترین زمانی دنیایە, یەك تورك هەموو دنیادەهێنێ."
ئەم قوتابخانەیە, دەولەتێکی بچکۆلانەی پڕ دەستەڵات بوو لە ناو پایتەختی وڵاتێك بە ناوی کوردستان.
لە مەدرەسەکە هاتینە دەر چەند ئوتوبوس لە بەر دەرگا ماتڵ بوون, منداڵەکان بەهەڵاتن خۆیان دەکرد بە ناو ماشێنەکاندا. چووم لە یەك لە شوفیرەکانم پرسی ئەوە چۆنە کە هاتوون بە دوای ئەو منداڵانەدا؟
وتی:" ئێمە هەموو رۆژێك لە هەولێر و دەورو بەرەوە منالەکان دێنین و دوای نێوەروانیش دەیانبەینەوە."
بۆ ئەم کارە پارە وەردەگرن؟

بەڵی.
چنار و هیمنی بێ باوك لە ڕێگای فیرگەدا لە سەرمان ڕەق هەڵدەگەڕین. مناڵانی کوردی ئێرەش لە برسان و بێ دەرەتانی خۆ بە تورك دەنووسن . ئەم وێنە ناشیرینە دەبێ ئاکامی کام بیر و هزر و سیاسەت بێ؟

61

ڕۆژی سی ویەکی مانگی مارسی 1994 بەرە و دهۆک ملی ڕێگا دەگرین. دڵمان شادە لەوەی چەند ڕۆژ بە دڵی خۆمان ژیاوین. دڵمان خۆشە لەوەی چەند ڕۆژ بە ڕۆح و گیان سەربەست بووین , نامۆ نەبووین.
چاوەڕێی دیداری دوبارەی دهۆکین و دەیان پرسیار لە مێشکماندا بێ وەڵامە, سەرباری ئەوانە گوێ بیست دەبین کە ڕەنگە نیوان پارتی و یەکیەتی شەڕ دەرکەوێ.
ئێمە لە ماشینەکەی تر هەڵبڕاوین, جاریکی تر مناڵی باوەش پڕ لە نێرگز لە سەر جادەن, ئەمجارە ڕێگەیان بە بەرد ودار لێگرتووین و ناتوانین برۆین, داوا دەکەن وێنەیان بگرین, قسەیان بڕدەکاو ئێمە مل کەچیان دەبین.
لە هەوراز و نشێویك, پێچا و پێچ دەرۆین لە یەکێك لەم پێچانە ماشێنێك بەرەورووومان دێت هەردوو شۆفیر لە ئالۆزیدا لە جیات ئەوەی لە یەك دور کەونەوە بەرەو ڕوی یەکتر دێن, دەمەوێ خۆم فرێدەمە خوار بەڵام درانگ بووە، دوو ماشین دەچنە باڵ یەکەوە. دەردو ژان لە ئامیزم دەگرن, خوێن سەروچاوم گەرم دادێنێ. دەنگێك هاواری من دەکا. دوو ژنە ئاڵمانی و کوردەکەی باکور مەتەقیان لێبڕاوە. چەند کەس بە زۆر دەرکەی لای من دەکەنەوە, یەک لەوان دەڵێ: "زیندووە, دەناڵێنێ." لەشم لە قەد بۆخوارێ لە ناو ئاسندا گیری کردووە. خەڵکی ئاوایی کە هاتوونە هاوارمان ڕژاونەتە سەرمن , هەرکەس هەر شوێنێکی لەشمی وەدەست کەوتووە، دەیکێشێ, وەك ئەوەی سوێندیان خواردبێ لە بەریەکم بەرن. بکیش بکیش بوو وەك گوێپروسکێنە یان گۆشتی قوربانی.
هاوار دەکەم "وازم لێ بێنن! نەمگەرەکە! " کشانەوە. لاقی وردوخاشم کێشایە دەر. ڕەها بووم لە سەر عەرد ڕایانکێشام. لە ماشێنێکی تریان هاویشتم. کەسم بە چاو نەدەدی, بەڵام دەنگم دەبیست. هەر کەسە شتێکی دەگوت. هاوارم کرد " سامی سامی" دەنگێکی نائاشنا لە وڵامدا دەڵێ، چت دەوێ کاکە؟ دەپرسم "ئاڵمانییەکان بریندار بوون؟"
دەنگەکە وەڵامی دامەوە "جگە لە تۆ کەس چێ لێ نەهاتووە." دە پرسێ چۆنی باشی؟ وتم " سپاس لەوە باشتر نابم." ماشێن ڕایگرت. دەنگێکی ئاشنا دەپرسێ " ئەوە چت پێ هاتووە؟"
دەست دەکاتە ملم, سەروچاوم دەبرژێتەوە. دەگەینە نەخۆشخانە, دوکتور و پەرستار ڕژاونەتە دەرێ, لە سەر برانکارد دادەندریم , هەر لە حەسارەکە دوکتور خەریکی تیمار کردن دەبێ, هەرا دەکا مقەستم بۆ بینن, گەرەکیە شەڵوارەکەم بقرتێنێ. "نە ئاغای دوکتور ڕاوەستە, خۆم شاڵوار دەردێنم." تونییەتی گەروی وشك کردووم , داوای دوو کوکای سارد دەکەم, بە پەلە دەیهینن. سامی برینداره, هەرای لێدەکەم . سامی دەڵێ: " بارام گیان ئەوەتا لێرەم." گەرەکمە هەستم, دوکتور ئیزن نادا. بە زاراوەی کرماشانی هاوار دەکەم , بۆچە زاراوەی کرماشانی؟ خۆشم نازانم. هەرلام وایە شانۆیە و من لە سەر سەکۆی شانۆم، زارەوەی کرماشانیش زاروەی شانۆیی منە.هەرکە کەیفم سازبێ دەکەومە کرماشانی کوتن. ئێستا وکەیف سازی؟!خۆشم ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە و ڕەفتاری خۆم بدەمەوە.
کۆکام هەر لە دەست دایە، دوکتورگیان یارمەتیم بدە هەستم! دوکتور دەڵێ: "کاکە تۆ ناتوانی لاقت ورد وخاش بووە." تۆبزی دەکەم, یارمەتیم دەدەن, خۆم کیشابۆ لای سامی, ئەویشیان لێ نزیك کردمەوە, کەس نازانێ دەمەوێ چ بکەم. خۆم دەخەمە باوەشی سامی یەوە، ماچی دەکەم کۆکام لە کۆکای دەدەم و دەڵێم: " بە سڵامەتی." پاشان کەوتمە سەرجێگاکەم و ئیتر ئاگام لە هیچ نەما.

62

بەیانی ڕۆژی دوایە بۆ دیداری دوبارەی دهۆک لە خەورابووم چاوم بە چاوانی ئاشنا کەوتەوە, کاك عەبدولعەزیز, ئەندامانی یەکیەتی ماموستایان, هونەرمەندانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. سامی لە تەختی تەنیشتمەوە کەوتووە، دەڵێ: " کاك مەسعود لە سەلاحەدین ودۆستان لە هەولێرەوە پەیامیان ناردوە."
دوکتور دەڵێ سبەی دەتوانین عەمەلیاتت بکەین.
سپاس دوکتورگیان, هەر ئاوا بۆم لە گەچ بگرن هەتا دەگەمەوە ئاڵمان. دوکتور وتی فڵان کەس[13] عەمەلیاتت دەکا و خۆی لە ئاڵمان خوێندوویەتی.
ئەو کەسەی کە دوکتور باسی دەکا یەکێك لەدۆستان و هاوڕییانی دوکتور شوان بووە.خۆی هات و بە ئاڵمانی قسەی لەگەڵ کردم , بەڵام لاقێکی وردوخاشی چەندجاران عەمەلیات کراو بۆ ئەوە نەدەبوو وەبەر چەقۆ بدرێتەوە. سامیان بردە وەتاخی عەمەل و دوای عەمەلیات بە لاقی لە گەچ گیراو هێنایانەوە..

63

ژوورەکە دایم پڕ بوو لە خەڵک, خۆشەویستی ئەم خەڵکە، ماموستایان و هونەرمەندان و پێشمەرگە و خەڵکی تر ژان و کەسەریان لائەدا. یەك لە نەققاشییەکانی کاك وەحید کە وێنەی کچە کوردێك بوو دیاری ئەو ڕۆژانەیە. قسەو جەفەنگ دیوەکەی پڕکردبوو, دۆستایەتی دەباریێ. مناڵێکی دوازدە ساڵانە بە دوو شەقەوە لێم نزیك دەبێتەوە, لاقی وەسەر مین کەوتووە. بە دیتنی ئەو لە نەخۆشخانەی ئازادی دهۆك خۆم لە نێوان دوو تەمەنی

جیاواز دا دەبینمەوە,هەر لە تەمەنی ئەو دابووم کە لە نەخۆشخانەی سینای تاران بە دارشەقە دەگەرام، خۆم لە ئامێز دەگرم , گوێ بۆ قسەکانی شل دەکەم لە سەرخۆ دەدوێ, دەنگیکی تر دەنگی ئەو دەبڕێ, بەیت بێژ مێشك و دڵم دەرفینێ, دەمگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای منداڵی، بۆ نێوەشەوانەی زستان, ئەوکاتەی بەیت بیژ عەلی کەردار لە ماڵی خۆمانەوە بەرە و دەشتی باڵەکایەتی و کیلەسیپان و گۆلی مەرزنگیان و شام و شاماتی دەبردم و لەگەڕانەوەدا بە شمشالی قالەمەڕەی دەسپاردم ولە نیوەرێدا دەیکردمە هاورێی حەمەجان و برایمی کۆنەلاجان وحەسەن سیساوەی دەشتی هەولێر و ئیستاش لێرە بەیت بیژ چیرۆکی بادینان و بارزانییەکان دەگێرێتەوە.

64

لە بەر دەرکی وەتاخی عەکس بەرداریم  دوو ئەندامی UNدێنە لام بە ئینگلیسی دەستیان کردە پرسیارکردن. چۆنییەتی تەسادف. ناوت چییە؟ لە کام وڵاتەوە هاتووی؟ دەتوانین چ یارمەتیکت بدین؟ خۆیان وتیان ئامادەی هەر چەشنە یارمەتیکن. وتم زووتر دەمەوێ بگەمەوە ئاڵمان. باسی وەڤدەکەیان پرسی. پاشان پرسیان کوردم یان ئاڵمان. بیستبویان کە وەڤدیکی ئاڵمانی هاتوون. وتم کوردم .سارد بوونەوە. دوو ئەندامی هولەندی UNبای بایان کردو رۆیشتن.

65

خاك و خەڵك لێرە خۆشەویستیان لە دڵمدا چاند.رۆژی دوایە لە ئامبڵانسیان نام، لە بەر دەرکی نەخۆشخانە خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، دوا وێنەی بەر چاوم دیسان منداڵێکە، حەز ناکەم بنووسم کە چۆن دێتە بەرچاو.چاوەکانی بریوەتە من، پڕن لە داوا و داخوازی، پڕن لە تەمەنا.چاو ناپروکێنێ، کەسی پەنا دەستم کە دەبینێ نیگام لە نیگای ئەو منداڵە گرێ دراوە، دەڵێ: " ئەو کوڕە بێ دایك و بابە لە برسان دوچاری نەخۆشی بووە و چاك نابێتەوە و مردنی لە پێشە." ئەم خەبەرە زۆر بە هاسانی هاتە سەرزمانی، سەرم بەردایەوە و چاوم لە سەریەك دانا و بێدەنگ بووم.

66

لە ناو رێگا تەنیا ئاسمان دەبینم کە بە پەلە رادەکا, تەنیا دەنگیش کە دێتە گوێم دەنگی تەگەری ماشێنەکەیە کە خیزوبەرد ئازاری دەدەن.
لە سنوری  تورکیا بە زیندوویی لە"دارەمەیت" ێکیان قایم کردم و لە ماشێنێکیان هاویشتم.  تورکەکان ناوی بریندارى PKKیان لێنابووم کە چوومەتە پێستی ئاڵمانییەوە. ئازاریان داین, چاوە ڕوانی بەرتیل بوون, هەمووشتیان سەنگ و شوژن کرد سوودی نەدا وازیان لێ هێنایین. وەك جاری پێشوو لە دەیان پۆستی قەرەقوڵ ڕایانگرتین.من بەچاو ئاسمانی نێوان دهۆک و دیاربەکرم دەپێوا.

67

دوامەنزڵ دیاربەکر بوو, بەو ئاواتەی کە دەگەڕێینەوە و زیارەتی دەکەین بەجیمان هیشتبوو. ئەندامی رێکخراوێکی فریاگوزاری ئاڵمانی بووم,  لە هوتێلەوە تەلەفونم بۆکردن, بە پێی بەڵینی ناونووسراوەکانیان دەبوو بەزووترین کات بمگەرینەوە ئاڵمان, بەڵام ئێستا دەفەرموون دە رۆژ دەخایێنێ هەتا ئەوان بڕیار بدەن. تورکەکان دەڵێن بێ ئیزنی دوکتور ئیزنی سواربوونی فرۆکەم نییە. دوکتورێکی کورد بۆم دەنووسێ. رۆژی دوایە لە فرۆکەخانە 250 دۆڵاریان زیادی لیئەستاندین و چوارکورسی تریان بە زۆر پێفرۆشتین. لە ئەستانبوڵ بە هەمان بەزم داوای 3000دۆڵاریان دەکرد. 4 سەعات لە گەرمای 40 دەرەجە لە ناو ئامبولانس لە شوێنی هەڵفرینی تەیارە ڕایانگرتم, تەیارەکەی ئێمە رۆیشت و بەجیماین.
حەول و تەقەلای هاورێکانم بی سوود بوو. یەك لە ژنەکان کەوتە گریان و وتی من ئیتر ناتوانم. هەموویان وەڕەز کرابوون. ژان و گەرما و تونییەتی و ماندوو بوون بێ هێزیان کردبووم. دەوروبەرم پولیس و میت و کارمەندی باڵەفرخانە بوو. دەستم بە قیژە وهەرا و هاوار کرد. هەموو لێم کۆبوونەوە, ژنێك کە لێم حاڵی دەبوو چوو بە دوو کەسی تری  کوت کە ئەوە جنیو دەدا, لە ئاڵمانییەوە کردمە تورکی " ئاخە ئەوە ئینسانییەتە کە ئێوە هەتانە چوارسەعاتە منتان لە بەر ئەم گەرما و هاڕەهاڕە راگرتووە؟"  مەتەق لە هیچیانەوە نەهات. ژنێك هات داوای لێبوردنی کرد چای بۆ هینام. پۆلیس و میتەکان بە غەزەبەوە سەیریان دەکردم.

68

شە و بردیانمە نە خۆشخانەیەك کە خاوەنەکەی کورد بوو ئەو کەسانەی لێرە کاریان دەکرد زۆربە کورد بوون, کابرای دوکتور بە ئاڵمانی قسەی لە گەڵ دەکردم وتی دەتوانم بۆت عەمەلیات کەم , لاقم دووهێندەی کالیارێك ئەستور ببوو, تورەیی و پێکەنین لە دەرونمدا تێکەڵ ببوو, هە ر دوکتورێکی نە خوێندە واریش دەیزانی ئەم لاقە بەو وەزعەوە بۆ عەمەلیات نابێ. بۆم گێراوە کە ئەم قاچە تا ئێستا چی بەسەرهاتووە, چوارجار عەمەلیات دەیان جار نەخۆشخانە. وەبیر خۆمی دێنمەوە  دوازدە ساڵان بووم کە لە  شاری تەورێز دوکتورەکان کوتیان سلی ئیسکانت هەیە ئەگەر لاقت نەبڕینەوە  بە زوویی دەمری, دایکم و باوکم بە قاچ بڕینەوە رازی بوون هەتا مەرگ, پرسیم بە چی دەیبرنەوە وتیان بە مشاری بەرقی. بڕیار وابوو رۆژی دوایە لاق ببڕدرێتەوە, رۆژی دوایە من رازی نە بووم وتم لاق هی منە و ئازارە کانی من دەیکێشم و نایبڕمەوە, دوساڵ پاشان لە تاران عەمەلیات کرا و

دەرکەوت نەخۆشی سلیم نە بووە. هەمووی ئەوانە بە دوکتور و لەوانەش زۆرتر بە شێخ و مە شایخ و نووشتە نووسین بێ باوەڕیان کردبووم. ئەم بێ باوەڕیە ئەم دوکتورە خۆشەویستەشی دەگرتەوە کە دەیوست یارمەتیم بدا, وتم تکایە تەنیا هێندێك خاوین کرێتەوە و گەچی لێ بگۆرن. پەرستارێکی کوردی بانگ کردو پێ وت مە هیڵن تورکەکان بزانن ئەوە لێرەیە. ئەو ژنە هەتا بەیانی ئاگای لێم بوو.

1

هانس دەڵێ: " حەفتەیەکە هاتوومەتەوە، بەڵام بیروهۆشم لێرە نییە. ماتی سروشتی ئەو وڵاتەم, حەیرانی میوانداری ومیوانخۆشەویستی ئەو میللەتەم, تامەزرۆی خواردەمەنی بەتام و رەنگاورەنگی کوردیم.

2


بە دەنگی خەلەبانی فرۆکەکە هۆشیاری دەبمەوە،" هەتا چەند خولەکی تر دەگەینە فرۆکەخانەی ئاتاتورك, تکایە قایشەکانتان ببستن." لە ماوەی هەشت ساڵدا، ئەوە جاری چوارەمە  رێگام دەکەوێتە ئەم وڵاتە...

19ی مانگی یونی 1995   کولن – ئاڵمان




گەڕانەوە بۆ پێرست






1 - بەهرام موکریانی ناوێکە کە بۆ نووسین کەڵکم لێ وەردەگرت، لەم سەفەرشدا هەر بەو ناوە لە کوردستان خۆم ناساندووە!

2 - 00 لە بەرنامەی رەسمی وەفدەکەدا کە لە لایەن وەزارەتی گەشت و گوزار و مرۆڤانیەوە رێک خرابوو، سەردانی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی ئەمنەیتیەوە نەگونجابوو، تەنانەت سەفەری ئێمە بۆ شارەکانی سەرسنوری رۆژهەڵاتی کوردستان سەری نەگرت، لە سەردانی شاری هەڵەبجە لە شەقامەکان رووبەروی کۆمەڵێکی زۆر پاسداری ئێرانی بووین کە بە ئاشکرا بە زمانی فارسی قسەیان دەکرد. بەڵام سەرڕای ئەو وەزعە لە سەر داوای ئێمە دوکتور فیروز فەروخ و من، کاک سامی دزەیی میوانداری ئێمە و جێگری وەزارەتخانەی ناوبراو، دیداری ئەو دوو کەسەی لە گەڵ دەستەی سەرۆکایەتی حزب دێموکرات لە شاری کۆیە رێکخست. بەر لەو دیدارە، لە بنکەی پێوەندییەکانی حزب دێموکرات لە ناو شاری کۆیە چاومان بەو لاوانە کەوت کە لە لایەن حزبەوە دەست بەسەر کرابوون، ئەوانە کەسانێک بوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ خرابکاری لە بەرانبەر ئەو بەڵێنانەی کە پێیان درابوو، رەوانەی باشوری کوردستان کرابوون. لەم دانیشتنەدا کە بەرێزان مستەفا هجری سکرتێری حزبی دێموکرات، حەسەن شەرفی، سەلام عەزیزی و دوکتور خەلیقی بەشدار بوون، باس لە کوردەکانی دەروەی وڵات و ئاڵوگۆرەکانی جیهان و رۆژهەڵاتی کوردستان و حزبی دێموکرات و کۆمەڵێک شتی تر کرا. دۆستانی رابەرایەتی حزب بە حەق گلەییان لە ئێمە دەکرد کە بۆچی وەفدەکە سەردانی ئەوان و کوردەکانی رۆژهەڵات نیشتەجێ لە باشوری کوردستانیان نەکردوە، ئەوان بە حەق چاوەروانی یارمەتی مناڵان و لاوانی کوردی ئەو بەشەیان دەکرد کە بە ئیمکاناتێکی کەمەوە لە مەدرەسەکان دەیانخویند.لەو دانیشتنەدا عەبدوڵا حەسەن زادە بەشدار نەبوون، لە بۆچوونەکان وادەردەکەوت کە دەبێ لە گەڵ رابەرایەتی ئەو کاتی حزب کۆک نەبێ. هەرچەند ئێمە دەمانویست زۆرتر بمێنینەوە بەڵام بەداخەوە کات نەبوو، دوکتور خەلیقی داوای لیکردین بەر لە رۆیشتن سەردانی پیشانگای شەهیدانی حزب بکەین کە بە بۆنەی رۆژی شەهیدانەوە لە هۆڵی تایبەت بە پیشانگا و شانۆ و بەرپا کرابوو، سەرلەبەیانی رۆژی دوایە، تاریک وروونی بەیانی چووینە سەردانی ئەو پیشانگایە کە لە هۆڵێکی گەلێک گەورە بە رێک وپێکی سازکرابوو. ئێمە لە هەموو پیشانگاکە فیلم و وێنەمان هەڵگرتەوە کە پاشان نوسخەیەک لە سەرجەم وێنە و فیلمەکەمان سپاردە بەرپرسانی ئەو کاتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئێستا کە ئەم چەند دێرە دەنووسم حەوتەمینساڵێتیوەرسووڕانی مەرگی لە ناکاوی کاکە سەلامی عەزیزیە. لەو دانیشتنەدا من بە ناوی بەهرام موکریانی خۆم ناساندبوو کە ناوی رۆژنامەوانی ئەو کاتی من بوو کە بۆیە کاک سەلامی هاوشاری ناوێکی ئاشنای بنەماڵەیەکی بۆکانی نەبوو. یادی

گەرم و زیندوو بێ. لەو دانیشتنەدا باس لەوە کرا کە چۆن هێزەکانی سیاسی رۆژهەڵات و کۆمەڵە کولتورییەکان و تاکە کەسەکان بۆ یەک مەبەست هاوکاری بکەن، سەرەڕای بە گرینگ زانینی هاوکارییەکی لەو چەشنە هیچ کات ئەو هاوکارییە سەری نەگرت و ئێستاش پاش تێپەڕبوونی 13 ساڵ لەو رۆژە ئەم هاوکارییە سەری نەگرتووە. باسی ئەم دیدارە لە گەڵ حزبی دێموکرات لە سەفەرنامەکەدا کە ساڵی 1995 نووسراوە نەهاتووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدو بۆچوونی ئەو سەردەمە کە هەمووشت لە کۆماری ئیسلامی و خەڵک دەشادراوە کە هەموو لایەنەکان بە نووسەی ئەم دێرانەوە دەگرێتەوە. هەرچەند هەموو وەفدەکە حەزیان دەکرد سەردانی هەموو هێزەکانی باشور و هەروەها هێزەکانی باکور و رۆژهەڵات نیشتەجێ لە باشور بکەن بەڵام کورد گوتەنی میووان...خانە خوێ بووە، هەر بۆیە جگە لە یەک لایەن چاومان بە لایەنەکانی تر نەکەوت. هاوسەفەری ئازیزم لە دیدار لە گەڵ دۆستانی حزبدا لە روداوێکی گەڵی دڵتەزیندا گیان لە دەست دا. یادی فیروز فەروخ و سەلام عەزیزی کە لەم دیدارەدا بەشدار بوون گەرم و زیندوو بێ.

3 - دیارە شاملو نووسەری کورد نییە.

4 - ئەمە وتەی سەر زاری ناو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیشە.

5 - سەمفۆنی هەڵەبجە د. رەفیق سابیر

6 - سەرجەم گفتوگۆی من لە گەڵ بەیان و ماکروی، کاک حەمەرەزا و ئەندامانی تیپی منداڵانی باخچەی مناڵانی سولەیمان لە کتێبی "ئەگەر شانۆ لە باشوری کوردستان مردبێ چی زیندووە"دا هاتووە.

7 - سەرجەم وتووێژەکان لە گەڵ تیپی نواندنی سولەیمانی لە کتێبی"ئەگەر شانۆ لە باشوری کوردستان مردبێ چی زیندووە؟"دا هاتووە.

8 - لە ماڵی کاک ئەنوەر وتووێژێکی دورو درێژم لە گەڵی ئەنجام داوە کە لە تۆی کتێبێکدا بە ناوی" موسیقای کوردی لە نێوان هاوار و هیوادا" هاتووە کە کۆمەڵێک وتووێژی تریشی لە خۆیدا گرتووە وە، وتووێژ لە گەڵ مەزهەر خالقی و ئەندامانی تیپی کامکار و کۆمەڵێک نووسراوەی تر سەبارەت بە موسیقا.

9 - سەرجەم وتووێژەکان لە گەڵ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سولەیمانی لە کتێبی"ئەگەر شانۆ مردبێ چی زیندووە"دا هاتووە.

10 - دەقی گفت وگۆ لە گەڵ بینەرانی ئەو شانۆگەریە لە کتێبی"ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ،چی زیندووە؟"دا هاتووە.

11 - دوکتور شوان و سەعید ئاڵچی و هەواڵەکانی لە تێکۆشەرانی باکوری کوردستان بوون، کە وەک شۆرشگێرانی رۆژهەڵات لە باشور بوون و بەشێوەیەکی نادیار تێداچوون و تا ئێستا روون نەکراوتەوە کە ئەوانە چۆن کوژران.

12 - سەرجەمی ئەم گفت وگۆیە لە کتێبی"ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ،چی زیندووە؟"دا هاتووە

13 _ ئەو بەرێزە یەک لە هاورێیانی نزیکی دوکتور شوان بوو، کە پاش لە ناوچوونی ئەوان لە باشور دەمێنێتەوە.